# پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی لە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتییەکاندا
## توێژینەوەیەکی شیکارییە

م. ی نیگار طاهر عبدالكریم
کۆلێژی تەکنیکی کارگێری / زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
nigar.taher@spu.edu.iq
د. دڵپاک تاهیر دەروێش
کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
dilpak.tahir@spu.edu.iq

# حماية الطفل من العنف في الوثائق القانونية الدولية
## دراسة تحليلية

م. م نیگار طاهر عبدالكریم
كلية الإدارة التقنية / الجامعة السليمانية التقنية
nigar.taher@spu.edu.iq
د. دلپاک طاهر درويش
کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
dilpak.tahir@spu.edu.iq

# Protecting Childrens from Violence in International Legal Documents
## analytical study

Assist. Lect. Nigar Taher Abdulkarim
Technical College of Administration / Sulaimani Polytechnic University
nigar.taher@spu.edu.iq
Dr. Dilpak Tahir Darwesh
Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University
dilpak.tahir@spu.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی لە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتییەکاندا)یە، کە یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی ئەمڕۆی نێو گفتوگۆکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و زۆربەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتی یەکان. منداڵان بەهۆی توانای جەستە و هزر و کەم ئەزمونیان لە ژیان لەلایەك، و کەمی ئاستی هوشیاریان سەبارەت

بە مافەکانیان، دەبنە قوربانی پێشێلکاری مافەکانیان بە هۆی توندوتیژییەوە. لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت تیشك بخەینە سەرئەو توندوتیژیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ژیانی ئاسایی و نا ئاساییدا. کێشەی سەرەکیش بریتی یە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایا یاسای نێودەوڵەتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشێلکاریانەدا دەکات کە بەهۆی تونددتوتیژییەوە ڕووبەڕووی منداڵان دەبنەوە؟ ئەو بەرپرسیارێتی و پابەندییانە چین کە خراونەتە ئەستۆی دەوڵەتان بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردەیە؟ لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لە باسکردنی ئەو مافە بنەڕەتییانەدا دەبینێتەوە کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ منداڵ فەراهەم کراوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر بنەماکانی پاراستنیان لە چوارچێوەی بەڵگەنامە و ڕێکەوتننامە پەیوەندیدارەکان. لە کۆتاییشدا چەند دەرئەنجام و پێشنیارێکمان خستۆتە ڕوو، وەك هەوڵێکی زانستی بۆ بنبڕکردن یان کەم کردنەوەی ئەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر منداڵان و مافەکانیان دەکرێن.

**وشەی سەرەکی:** مافەکانی منداڵ، توندوتیژی، بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ.

**الملخص**

ان هذا البحث المعنون باسم (حماية الطفل من العنف في الوثائق القانونية الدولية)، الذي يعتبر ضمن المواضيع المهمة في مناقشات المنظمات والوثائق الدولية هذه الأيام.

لا شك فيه ان الاطفال بسبب القدرة الجسدية و الفكرية و قلة تجاربهم في الحياة من جهة، و قلة المعرفة حول حقوقهم، معرضون لانتهاكات حقوقهم عن طريق العنف الممارس ضدهم في حياتهم الطبيعية و غير الطبيعية. المشكلة الاساسية في هذا البحث هوجواب لسئوال الذي يطرح نفسه، كيف يتعامل القانون الدولي مع انتهاكات التي تمارس ضد الاطفال؟ و ما هي المسؤوليات و الالتزامات التي تقع على عاتق الدول للحد من ممارسة العنف ضد الاطفال. من هذا المنظور يعتبر هدف هذا البحث الحديث عن الحقوق الاساسية المدرجة للاطفال وفقا للقانون الدولي. لتحقيق هذا الهدف يسلط البحث على قواعد حماية الاطفال في نطاق الوثائق والاتفاقيات المتعلقة بهذا الموضوع. في نهاية البحث طرحنا مجموعة من النتائج والتوصيات كجهد علمي للحد من ممارسة العنف ضدهم.

**الكلمات المفتاحية:** حقوق الطفل، العنف، الوثائق الدولية، إتفاقية حقوق الطفل.

## Abstract

This research, entitled "Protecting Childrens from Violence in International Legal Documents," is considered one of the most important topics discussed by international organizations and documents these days. There is no doubt that children, due to their physical and intellectual capabilities, limited life experience, and limited knowledge of their rights, are vulnerable to violations of

their rights through violence perpetrated against them in their normal and abnormal lives. The fundamental problem of this research is to answer the question: How does international law address violations against children? What are the responsibilities and obligations of states to reduce violence against children? From this perspective, the objective of this research is to discuss the fundamental rights guaranteed to children under international law. To achieve this objective, the research focuses on the rules for protecting children within the framework of relevant documents and agreements. At the end of the research, we presented a set of results and recommendations as a scientific effort to reduce the practice of violence against them.
**Keywords:** Children's rights, violence, international documents, convention on the rights of the child.

## پێشەکی

توندوتیژی دژی منداڵان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بۆتە پرسێکی جددی و لە ڕوی یاسایی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی وفەرهەنگی یەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت. هەر چەندە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی توندوتیژیی منداڵان ئاسان نیە، بەڵام مانەوەی شوێنەواری توندوتیژییەکان بە جەستە و دەرونی منداڵانەوە لە زۆر کۆمەڵگادا ئاماژەی مەترسیدارن بۆ ئایندەی قوربانی یەکان.

ئەوەی کە جێگای دڵخۆشی یە بوونی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتی یە کە کار بۆ پاراستنی شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ دەکات، چەندین ڕێکاری گرنگی بۆ ڕێگەگرتن لە پەراوێزخستن و دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەو بەلگەنامەی نێودەوڵەتیدا داناوە، بە تایبەتی بۆ وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان. بەڵام سەرەڕای ئەم هەنگاوانەش هێشتا ئەم کێشەیە بە جۆرە جیاوازەکانی لە هەموو کۆمەڵگە و ژینگەیەک بوونی هەیە. ئەم تویژینەوەیەش یەکێکە لەو هەوڵە زانستیانەی دەخوازێ مافە بنەڕەتییەکانی منداڵان دەست نیشان بکات و تیشک بخاتە سەر پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی لە ڕوانگەی دەقی ڕێکەوتننامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتی یەکانەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** هەڵکشانی بەردەوامی ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان لە لایەك و نەبونی چوارچێوەیەکی یاسایی ناوخۆیی لە هەندێ وڵات بۆ ڕێگریکردن لەو توندوتیژیانەی کە دژی منداڵان دەکرێن چەندین پرسیاری وروژاندوە لەوانە:

- توندوتیژی دژی منداڵان چیە و بۆچی پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی و هاوکاری هەمەلایەنە هەیە؟
- هەڵوێستی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەست بەم پرسە چیە؟

• چارەسەری یاسایی و بەرپرسیارێتی دەوڵەت و کۆمەڵگا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشەیە چیە؟

لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەوڵی بەرجەستە کردن و شیکردنەوەی ئەم پرسە گرنگە دەدەین و تیشک دەخەینە سەر لایەنە گرنگەکانی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** هۆکارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان لە هەر شوێنێکەوە بێت و بە هەر هۆکارێك بێت, پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و بنبڕبکرێت. ئامانجی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەش بریتی یە لە بەرجەستەکردنی کێشەی توندوتیژی دژی منداڵان و دەستنیشانکردنی مافە بنەڕەتییەکانی منداڵان لە ڕوانگەی یاسا نێودەوڵەتی یەکانەوە بە مەبەستی و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان لە چوارچێوەی خێزان و قوتابخانەو شوێنی کار و ڕاگەیاندنەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە کار بۆ باشترکردنی دۆخی منداڵان و پاراستنیان لە توندوتیژی دەکەن.

**گرنگی توێژینەوەکە**: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە چارەسەرێکی یاسایی بۆ دیاردەی توندوتیژی منداڵان بدۆزێتەوە لە ڕێگای دانانی یاسای ناوخۆیی، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە ڕێژەی توندوتیژی تیایاندا لە هەڵکشاندایە و بوە بە دیاردەیەکی مەترسیدار. هەروەها دۆزینەوەی ئالیەتێکی گرنگ بۆ تیکەڵکێشکردنی دەقی یاسا نێودەوڵەتی یەکان لەگەڵ یاسا لۆکاڵی یەکان لە پێناوی زەمانەتی پاراستنی مافەکانی منداڵان.

**میتۆدی توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوەیە بەمیتۆدی شیکاری نوسراوە، ئەویش لە ڕێگای شیکردنەوەی ئەو دەقە یاساییانەی کە لە ڕێکەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بۆ زەمانەتی مافی منداڵان و پاراستنیان لە جۆرەکانی توندوتیژی دەرچوون لە هەمان کاتدا تیشک دەخاتە سەر سەرەکیترین یاسا نێودەوڵەتییەکان کە پەیوەستن بە ماف و پاراستنی منداڵان و وڵاتانیش پابەند کراون بە جێبەجێکردنیانەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە، لە باسی یەکەم چەمك و دیاردەی توندوتیژی دژی منداڵان خراونەتە ڕووو. باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ و پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکانی لە داکۆکردن لەو مافانە. باسی سێیەم بریتی یە لە ڕۆڵی دەزگا و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە داکۆکیکردنی مافی منداڵان، لە کۆتاییشدا چەندین دەرئەنجام و پێشنیار خراونەتە ڕوو.

## باسی یەکەم
## چەمك و دیاردەی توندوتیژی دژی منداڵان

بەو پێ یەی منداڵ پێکهاتەیەکی گرنگی نێو هەموو کۆمەڵگاکانە، بۆیە هەر توندوتیژیەك لەهەر ژینگەیەکدا ڕوو بدەن، منداڵ ئەگەر قوربانی یەکەم نەبێت، زۆرترین کاریگەرییە نەرێنی یەکانی ئەو کارە توندوتیژیانە ڕوو بەڕووی دەبێتەوە. توندوتیژی وەك چەمکێك لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیدا بونی هەبوە، لەمڕۆشدا بوە بە دیاردەیەکی مەترسیدارو هەڕەشەیەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان و تێکدانی ئارامی

كۆمەڵگاكان. بۆ قسە كردن لەسەر چەمك و دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان ئەم باسەمان دابەش كردوە بەسەر دوو تەوەردا، لە یەكەمدا باسی چەمكی توندوتیژی دەكەین و لە تەوەری دوهەمیشدا باسی دیاردەی توندوتیژی دژی منداڵان دەكەین.

## تەوەری یەكەم

## چەمكی توندوتیژی منداڵان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتی یەكاندا

پێش ئەوەی تیشك بخەینە سەر چەمكی توندوتیژی كە بەرامبەر بە منداڵان ئەنجام دەدەرێن، پێمان باشە بگەڕێینەوە سەر دەستەواژەی منداڵ. بۆ ئەم مەبەستە ئەم تەوەرە دابەش دەكەین بەسەر:

### لقی یەكەم: پێناسەی منداڵ

منداڵ ئەو دەستە واژەیەیە كە بۆ پێناسەی مرۆڤ لە قۆناغیكی تەمەنیدا بەكار دێت، هەروەك چۆن لە مادەی١ی ڕێكەوتننامەی مافەكانی منداڵ پێناسەی منداڵ بریتی یە لە هەر مرۆڤێک كە تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵەوە بێت، تەنها لەو وڵاتانەدا نەبێت كە تەمەنی منداڵان بە كەمتر لە ١٨ ساڵ لە یاسا كارپێكراوەكانی خۆیاندا جێگیر بكەن(١). بە پێی ستانداردی جیهانی ڕێكارە یاساییەكانیش لەگەڵیدا جیاوازترە، وەك تەمەنی كاركردن كە لە بڕگەكانی ڕێكەوتننامەی ڕێكخراوی كاردا دیاریكراوە، هەروەها قەدەغەكردنی بەشداری منداڵان لە شەڕو ململانێی چەكداریدا. هاوكات مادەی٣٧ی هەمان ڕێكەوتننامە كە ڕێگرە لە سەپاندنی سزای لەسێدارەدان و زیندانی هەتا هەتایی منداڵان، بەبێ ئەگەری لێخۆشبوون بۆ كەسانی خوار تەمەنی یاسایی. ئەمەش بەو مانایە دێت كە منداڵانی خوار ١٨ ساڵ ئەم سزایانە نایانگرێتەوە تەنانەت ئەگەر وڵاتێكی ئەندام تەمەنی گەورەبوونی لە خوار ١٨ ساڵیشەوە دیاریكردبێت. كەواتا ڕەنگە تەمەنی كۆتایی منداڵی لە هەندێک یاسای وڵاتاندا جیاواز بێت و كەمتر لە ١٨ ساڵ بێت. بەڵام ئەم بڕگەیە ڕێگەیەك نییە بۆ دەربازبوون لە ناوەڕۆك و بەندە یاساییەكانی پابەندبوون بە ڕێكەوتننامەكە، هەر بۆیە دیاریكردنی سنووری تەمەنی منداڵ پێویستی بە پابەندێتی و جێبەجێكردنە لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە. هاوكات نابێت دیاریكردنی تەمەنی منداڵ لەگەڵ پرەنسیپ و بڕگەكانی ڕێكەوتننامەكەدا ناكۆك بێت. لەم ڕووەوە لیژنەی مافەكانی منداڵ لە چەندین پێداچونەوەیدا بە ڕاپۆرتی وڵاتان جەختی كردۆتەوە لەو شوێنانەی كە تەمەن لە خوار ١٨ ساڵەوە دیاریكراوە، چاوەڕوان دەكرێت وڵاتانی ئەندام ئاماژە بەوە بكەن كە چۆن منداڵان تاكو تەمەنی ١٨ ساڵی سوودمەند بن لە مافەكانیان بەپێی ناوەڕۆك و بڕگەكانی ڕێكەوتننامەكە(٢).

---

[1]. UN, Convention on the Rights of the Child, UNCRC, Doc. A/RES/44/25, 1989, Art. 1.

[2]. Vaghri, Z., et al., Monitoring State Compliance with the UN Convention on the Rights of the Child: An Analysis of Attributes, Indicators and Research 25, Springer Nature, 2022, p.410.

**لقی دووەم: توندوتیژی دژی منداڵان**

ئەنجامدەرانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان زۆر جار ئەندامانی خێزان، یان چاودێرو بەخێوکەر، خزم، مامۆستا، خاوەن کار، پۆلیس، یان خودی منداڵەکەیە[١]. دیارترین جۆرەکانی توندوتیژی کە بەرامبەر بە منداڵان ئەنجام دەدرێن بریتین لە توندوتیژی جەستەیی و دەروونی و دەستدرێژی سێکسی، پشتگوێ خستن و کەمتەرخەمی و تەنانەت مامەڵەکردن و بازرگانیکردن بە منداڵ یاخود ئیستغلالکردنیان[٢]. هەریەک لە جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە کە زۆرجار ڕوویەکی فراوانتر و شێوەیەکی جیاوازتر وەردەگرن ودەکرێ یەك ڕەفتاری توندوتیژی سەرجەم ئەو کارانە لە خۆ بگرێت. ئەم پێناسانە هەندێکیان بەپێی بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دارێژراون، هەندێکی تریشیان لەلایەن دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراون[٣]. ئەم کردەوەیە کۆمەڵێک دەرئەنجامی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە[٤]، چ جەستەیی یان دەروونی بێت یان ئیستغلالی کاری یان سێکسی بێت یان بەشێوەی کەمتەرخەمی و بێ ئاگایی یان سووکایەتی پێکردن بێت، زیان بە تەندروستی و گەشەکردن و شکۆ و کەرامەتی منداڵ دەگەیەنێت و دەتوانێت نموونەیەک بێت لە توندوتیژی دژی منداڵان.

**تەوەری دووەم**

**دیاردەی توندوتیژی لە دژی منداڵان لە جیهاندا**

ئاشکرایە کە دیاردەی توندوتیژی لە جیهاندا یەکێکە لە دیاردە باوەکان و لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بونی هەیە، لە هەندێک شوێندا بۆتە مایەی هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئارامی ئەو کۆمەڵگایانە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە تیایدا هەژاری و خراپی بارودۆخی تەندروستی و نا ئارامی سیاسی و شەڕ و ململانێی چەکداری تێدایە. بۆ زیاتر قسە کردن لەسەر ئەم دیاردەیە تەوەرەکە دابەش دەکەین بەسەر دوو لقدا:

**لقی یەکەم: دیاردەی توندوتیژی دژ بە منداڵان لە بارودۆخی ئاسایی کۆمەڵگاکاندا**

ئاشکرایە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا فۆرمی توندوتیژی بە پێی کلتور و دابو نەریت و ژینگەی شوێنەکە دەگۆردرێت، بەهۆی نەبونی هوشیاری لە ناسین و ئاشنابون بە مافی منداڵان هەندێك لەو کردارە توندوتیژیانە دەبنە نەریتێکی باو و بەردەوام ئەبێت، وەك

1. Committee on the Rights of the Child (CRC), General Comment No. 13, The Right of the Child to Freedom from all Forms of Violence, CRC/C/GC/13, 2011, pp.9-12.
2. UNCRC, 1989, Art. 19 (a).
3. United Nations Children's Fund (UNICEF), Preventing and Responding to Violence against Children and Adolescents: Theory of Change, UNICEF, New York, 2019, p.6.
4. Al-Mohannadi AS., et al., "Addressing Violence against Children: A Case Review in the State of Qatar", Frontiers in Public Health, Volume 10, 2022, p.2.

ئەنجامدانى توندوتيژى لەلايەن ئەندامانى خێزانەوە بەرامبەر بە منداڵەكان بە بيانوى پەروەردەكردنەوە، هەروەها توندوتيژى مامۆستا وەك ڕابەرێك لە پۆلدا بەرامبەر بە خوێندكارەكانى، خاوەن كار بۆ منداڵە ئيشكەرەكەى بەردەستى. لەلايەكى ترەوە منداڵان لە شوێنە گشتييەكانى وەك شەقام و بازاڕو ياريگاو كەمپى ئاوارەكان ڕووبەڕووى توندوتيژى جەستەيى، سێكسى، ڕفاندن، بازرگانيكردن و توشبون بە نەخۆشييە گوازراوەكان دەبنەوە، ئەمەش دەرئەنجامى ئەو توندوتيژى و جياكاريانەيە كە دژيان ئەنجام دەدرێن[١]. جگە لەوەش زۆرجار لە نێو سيستەمى دادوەريدا بە تايبەتى دەستبەسەر و حوكمدراوەكان، لە لايەن كارمەندان يان گەورە ساڵان يان دەستگيركراوانى تر توشى توندوتيژى دەبنەوە[٢]. بۆ ڕونكردنەوەى زياتر لێرەدا تيشك دەخەينە سەر توندوتيژى لە ژينگەى خێزان و شوێنى پەروەردە كردنى منداڵان:

**يەكەم: توندوتيژى دژ بە منداڵان لە خێزاندا**

شێوازى بەخێوكردنى منداڵ لە ناو خێزان كاريگەرى بەرچاوى لەسەر دروستكردنى كەسايەتى و هەڵسوكەوتى منداڵان هەيە [٣]، بۆيە ئەنجامدانى هەر توندوتيژييەك لە چوارچێوەى خێزاندا كاريگەرى خراپ لەسەر جەستە و دەرونى منداڵەكە بەجێدەهێڵێت، وەك شێواندنى بارى دەرونى و گەشەى منداڵەكە و ڕەفتارەكانى لەگەڵ ئەندامانى خێزان و دەرەوەى خێزانەكەى[٤]. جگەلەوەش هەر توندوتيژيەك سەرچاوەكەى ناو خێزان بێت، ميكانيزمى چارەسەركردنەكەيشى قورس دەبێت، بەو پێى يەى بكەرى توندوتيژيەكە لە كەسە نزيكەكانى قوربانى يەكەن[٥].

هەروەها توندوتيژى خێزانى دەكرێت بە شێوەى ناڕاستەوخۆ ڕووبدات وەک ئەوەى منداڵ بەهۆى توندوتيژى يان پەيوەندى نادروستى نێوان دايک و باوک ئازاريان پێبگات، لێرەدا منداڵ شايەتحاڵى توندوتيژييە و ڕەنگە ناچار بكرێت لە نێوان دايک و باوک

[1]. UN, World report on violence against children, 2006, p.287.

[2]. Dandurand, Yvon, Introducing the United Nations Model and Practical Measures on the Elimination of Violence against Children in the Field of Crime Prevention and Criminal Justice: A New Tool for Policymakers, Criminal Justice Officials and Practitioners, Thailand institute of justice, 2015, p.14.

[3]. Sholihah, H., et al., "Prevention of Violence against Children in School through Islamic Parenting Styles", Society, 10(2), 2022, p.630.

[4]. Shen, Z., et al.," The impact of Domestic Violence on Children’s Psychology and Self-cognition", SHS Web of Conferences, Vol. 180, EDP Sciences. ,2023, pp.2-4.

[5]. World Health Organization, et al., Preventing Child Maltreatment: A Guide to Taking Action and Generating Evidence, 2006, p.7.

هەڵبژاردن بکات کە ئەمەش فشار و کاریگەری خراپ لەسەر منداڵ جێ دەهێڵێت[١]. هەروەها کۆنترۆڵ کردن یەکێکە لەو توندوتیژیانەی کە منداڵ لە ناو خێزاندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە وەک چاودێری بەردەوام، کۆنترۆڵکردنی کات و شوێن، دابڕان، هەڕەشە و نەهێشتنی پاڵپشتی دارایی[٢]، لەهەموو حاڵەتێکدا بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی مافەکانی منداڵ، جگە لەوەی دەکرێت منداڵ لە ناو خێزاندا تووشی توندوتیژی جەستەیی، سێکسی و ئابووری بێتەوە، گاڵتەکردن و سوکایەتیکردن و هەڕەشەکردنیش دەچنە خانەی توندوتیژیەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کردەوانە ڕێگەپێدراو نین، تەنانەت ئەگەر بۆ بەرژەوەندی و پەروەردەکردنی منداڵیش بێت[٣].

**دووەم: توندوتیژی دژ بە منداڵان لە باخچەو قوتابخانە وفێرگەکاندا**

بەو پێ یەی منداڵان کاتێکی زۆریان لە قوتابخانە و شوێنە پەروەردەییەکان بەسەر دەبەن، بۆیە ئەنجامدانی توندوتیژی لەم ژینگەیە لەهەڵکشاندایە و هۆکارەکانی ئەمجامدانی دەگڕێتەوە بۆ خودی ژینگەی خوێندن، خێزان، کۆمەڵگا و میدیا[٤]. ئەو جۆرە توندوتیژیانەی کە لەم شوێنانە دەبینرێن بریتین لە توندوتیژی سێکسی وەك (هەراسانکردن ودەستدرێژی سێکسی) توندوتیژی جەستەیی وەك( هێرش و لێدان) توندوتیژی دەروونی وەك(گاڵتەپێکردن، سووکایەتیکردن، قسەی ناشرین، ڕەتکردنەوە، بوونە ئامانجی درۆ و پروپاگەندە، گاڵتەجاری سێکسی، پشتگوێ خستن، ناولێنان) و گێچەڵکردن وەك (گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی وێنە یان نامەوە) و جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز[٥].

ئەوەی جێی سەرنجە لەم ژینگەیەدا زیاتر منداڵان توندوتیژی بەرامبەر بە هاوڕێکانیان ئەنجام دەدەن، هەربۆیە ڕێکخراوی یونسکۆ لە ڕاپۆرتی خۆیدا باسی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو خوێندکارانەی تووشی گێچەڵ دەبنەوە، کێشەی دەروونیان زیاترە لە هاوڕێکانیان. زۆرجار خوێندکاری چەوسێنەر

---

1 . Lloyd, M., “Domestic violence and education: Examining the impact of domestic violence on young children”, children, and young people and the potential role of schools, Frontiers in Psychology, 2018, p.3.

2 .Katz, E., “Beyond the Physical Incident Model: How Children Living with Domestic Violence are Harmed by and Resist Regimes of Coercive Control”, Child Abuse Rev. 25, 2016, p.48.

3. Seifi, A., Children and Domestic Violence with Emphasis on the Law on the Protection of Children and Adolescents Approved in 2020 and International Documents, Gender and Family Studies, 8(2), 2021, p.157.

٤. العماري، سالم محمد سالم، "العنف الأسري ضد الأطفال (أسبابه وآثاره دراسة نظرية)"، مجلة القرطاس للعلوم الانسانية والتطبيقية (٢٤)، ٤، ٢٠٢٤، ص. ٣٥٧-٣٥٨.

5. UNESCO & Initiative, N., School Violence: Understanding Gender Dynamics and Measurement of School-Related Gender-Based Violence, UNESCO: United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization, France, 2023, p.3-4.

لەبەر بێزاری، تورەیی و لە پەرچەکرداری گاڵتەجاریدا بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە هەڵسوکەوت دەکات کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کەشی نەگونجاوی خوێندن لەو شوێنەدا بۆ قوربانی و بکەری توندوتیژی یەکەش[١]. هەروەها یونسکۆ ئاماژە بەوەی داوە کە توندوتیژی جەستەیی کاردانەوەی لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی خوێندکار هەیە و دووریدەخاتەوە لە فێربوون و بڕیاردانی دروست و ڕەفتاری هاوڕێیانە. ئەم ڕێکخراوە جەخت لە سەر ژینگەی قوتابخانەی ئارام و گونجاو و دوور لە توندوتیژی بۆ منداڵان دەکاتەوە و بە پێویستی دەزانێت پرۆگرامی خوێندن لەسەر بنەمای ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ دابرێژرێت، بەگرنگیدان بە بەهای مرۆڤ دۆستانە و بەکارهێنانی بەرنامەی چاودێری و ڕاهێنانی بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایان و ستراتیژی فێرکردنی ناتوندوتیژی[٢].

لە کۆتاییدا هەموو منداڵێك دەبێت بتوانێت بەبێ توندوتیژی فێر بکرێت و قوتابخانەکان ببنە دۆستی منداڵان و ناوەندێك بن بۆ سەلامەتی و گەشەکردنیان[٣]. کەواتە دابین نەکردنی مافی خوێندن و پەروەردەیەکی دروستی منداڵان بە توندوتیژی دادەنرێت و تەنها پەروەردەکردنی منداڵ مەرج نییە بۆ مسۆگەرکردنی مافی خوێندنی، بەڵکو ئەم پەروەردەیە دەبێت دادپەروەرانە و دوور لە توندوتیژی و بە شێوەیەک گونجاو بێت کە توانا و بەرپرسیارێتی منداڵ پەروەردە بکات بۆ ئەوەی ببێتە فێرخوازێکی کاریگەر.

**لقی دووەم: دیاردەی توندوتیژی دژ بە منداڵان لە شەڕو ململانێی چەکداریدا**

ئاشکرایە کە ململانێی چەکداری وەک هەر ناکۆکییەکی ڕێکخراو پێناسە دەکرێت کە بەکارهێنانی چەک و توندوتیژی و هێز لەخۆدەگرێت و لە سنووری نیشتمانی یان دەرەوەی سنوور لە لایەن دەوڵەت، لایەنی ناحکومی و زۆرجاریش هەردولا پێکەوە ڕوودەدات[٤]. ململانێ چەکداریەکان زۆرترین کاریگەریان لەسەر منداڵان و پشتگوێ خستنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ نمونە، پرچەککردنی منداڵان و ناچارکردنیان بە ئەنجامدانی تەقینەوەی خۆکوژی و چاندنی ڕق و کینە لە دەرونیاندا لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە، هۆکارێکی سەرەکین بۆ هەڵکشانی پێشێلکاریی یاساکان و زیادبوونی ڕێژەی قوربانی لەناو منداڵاندا[٥].

---

1. UNESCO, School violence and bullying: global status report, United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization, France, 2017, p.11.

2. Ibid.p.10.

3. Garner P., “Dimensions of School-based Violence to and by Children: An Overview of Recent Literature”, International Journal of Adolescence and Youth, 19(4), 2014, p.492

4. Kadir, A., et al., “The Effects of Armed Conflict on Children”, Pediatrics, 142(6), 2018, pp.1-2.

٥. محمد الأقرع، "عبد القادر محمود، الحماية الدولية للأطفال أثناء النزاعات المسلحة في ضوء قواعد القانون الدولي الإنساني"، مصر المعاصرة، ١١٤(٢)، ٢٠٢٣، ص٢٨.

منداڵان کە لاوازترین چین و توێژی ناو کۆمەڵگەن، لە شەڕدا مافەکانیان پێشێل دەکرێت، ڕەنگە بکوژرێن و بریندار بکرێن، توشی کێشەی گەشە و خوێندن، کەمئەندامی، نەخۆشی دەروونی و سۆزداریی ببنەوە، زۆرجاریش خێزانی خۆیان لەدەست دەدەن یان بەرکەوتەی چەندین جۆری خراپ بەکارهێنان دەبنە و یان بازرگانیان پێوە دەکرێ. بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە بکرێن بە بەشێکی سەرەکی هێزی چەکداری نێو ململانێکان وەك سیخوڕ و کۆڵبەر و چێشتلێنەر و کۆیلەی سێکسی[1]. لە دەرئەنجامدا ئەم منداڵانە توشی دارمانی نەفسی و بێ متمانەیی دەبنەوە، بەتایبەتی ڕەگەزی مێ توشی بێ ئومێدی دەبن بە ڕادەیەك هەتا مردن کاریگەری ئەو توندوتیژیانە بە جەستەو دەروونیانەوە دەمێنێتەوە[2].

یەکێك لەو تاوانانەی لە کاتی شەڕ و ململانێکاندا ڕوو دەدات تاوانی جینۆسایدە. مێژوو چەندین نموونەی تاوانەکانی جینۆساید لە خۆ دەگرێت کە دژی گروپ و نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان ئەنجام دراون، جا بە پاساوی نەتەوەیی، ئایینی، سیاسی، یان پاساوی دیکە بوو بێت. تاوانەکانی جینۆساید بە واتای ڕەتکردنەوەی مافی مانەوەی گروپە مرۆییەکانە، تاوانێکە دژی ویژدانی گشتی وئەخلاق و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرجەم ڕێکەوتننامە و عورفە نێودەوڵەتی یەکانە. سەرجەم تاوانەکانی جینۆساید کە لە مێژوودا ڕویان داوە منداڵان بە پلەی یەکەم باجی لێکەوتە قورسەکانیان داوە، هەر لە برسی کردن و تۆقاندن و بێ سەروشوین کردنی کەسە نزیکەکان و کاولکاری و ئاوارەیی و دەست درێژی و ئازاردان و بریندار کردن هەتا دەگاتە کوشتن و لەناو بردن[3]، هەروەك لە جینۆسایدی ڕواندا، و یوگۆسلاڤیای پێشوو، بۆرما و پاشان عێراق و سوریا و یەمەن و ...هتد ڕوویداوە[4].

جێی سەرنجە بە پێی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٣دا، منداڵان لە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ بەکارهێنراون، لە ماڵەکانیاندا هێرشیان کراوەتە سەر، لە ڕێگەی قوتابخانەکانیاندا ڕفێنراون، قوتابخانەکانیان بە شێوەیەکی سەربازی بەکارهێنراون. هەروەها ئەم ڕاپۆرتە ئاماژە بەوە دەکات کە پەرەسەندنی شەڕی چەکداری وبەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی لە ناوچەی سیڤیلدا، بووەتە هۆی زیادبوونی پێشێلکارییە قورسەکان دژی منداڵان. هەر بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ڕێژەی لە ٣٥٪ ی منداڵی کوژراو و بریندار بە بەراورد بە ساڵی پێشوتر زیادیان کردوە. بە پێی

---

1. AlObaidi, A. K., et al., "Iraqi Children's Rights: Building a System under Fire", Medicine, Conflict and Survival, 25(2), 2009, p.49.

2. Scarpa, S., "Child trafficking: International instruments to protect the most vulnerable victims", Family court review, 44(3), 2006, p.433.

٣. عباده، فوزي شالي مطر بوسليمي، جرائم داعش في العراق: في ضوء المساءلة أمام القضاء العراقي-الإيزيدين نموذجا، هاتريک للتوزيع و النشر، ط١، اربيل، ٢٠٢٣، ص٣٤.

٤. ضامن ا. و آخرون، "جرائم العنف ضد الأطفال في ضوء قواعد القانون الدولي العام"، دفاتر البحوث العلمية، ٨(١) ، ٢٠٢٠، ص١٠١-١٠٢.

ئەم ڕاپۆرتە زۆرترین ژمارەی پێشێلکارییە قورسەکان لە ئیسرائیل و فەلەستین و کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ و میانمار و سۆماڵ و نەیجیریا و سودان ڕوویانداوە. نزیکەی لە ٥٠٪ ی پێشێلکارییەکانیش لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە ئەنجامدراون، کە بەشێکیان گرووپی تیرۆریستی و بەشەکەی تریشیان هێزەکانی حکومەت و تاوانبارانی نەناسراوەوە ئەنجام دراون(١).

هەر ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی تری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٦دا باس لە توندوتیژی و سەرپێچیەکانی داعش دەکات لە سوریا و عێراق بەرامبەر بە مرۆڤ بە گشتی و بە منداڵان بەتایبەتی، ئەویش لە چوارچێوەی نمایش کردنی منداڵان لە سوشیاڵ میدیا وەک سەرباز و لە هەندێ حاڵەتیشدا وەک تاوانبار و بەشداری کارا لە کارە تیروریستییەکاندا، هەروەها چەکدارکردنی منداڵان و ناردنیان وەک قەڵغانی مرۆیی لە شەڕەکان و بردن و ڕفاندنی نزیکە ١٤٠٠ منداڵی ئێزیدی و دەستڕێژی سێکسی بۆ سەریان(٢).

## باسی دووەم
## ڕۆڵی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ و پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکانی لە پاراستنی مافی منداڵان

هەروەك لە پێشوتردا ئاماژەمان پێدا منداڵان چ وەك نەوەیەکی نوێی کۆمەڵگاکان چی وەك تەمەنەکەیان پێویستیان بە بایەخ و گرنگیدانی تایبەتە، لەم ڕوانگەیەوە هاودەنگی و هەماهەنگییەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ بایەخدان بە زەمانەتی پاراستنی مافەکانیان، لەم ڕووەوە چەندین بەڵگەنامەی یاسایی نێودەوڵەتی هەن کە وڵاتان خۆیان وابەستەی جێبەجێکردنیان کردوە ئەویش لە پێناوی ناساندنی ئەو مافانەی کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ منداڵان فەراهەم کراون. بۆ ئەم مەبەستە ئەم باسە دابەش دەکەین بەسەر دوو تەوەری جیاوازدا کە بریتین لە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ لە تەوەرێکدا و پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکانیشی لە تەوەرێکی تردا.

### تەوەری یەکەم
### ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ

یەکێك لەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانەی کە زامنی پاراستنی مافەکانی منداڵ دەکات، ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵی (١٩٨٩)ە کە بە گرنگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان دەژمێردرێت، ئەم ڕیکەوتننامەیە لە پێشەکی یەک و ٥٤ مادە پێکهاتووە کە لە ٤٢ مادەی جەوهەریدا مافە بنەڕەتییەکانی منداڵان و چوارچێوەیەک لە بنەما جیهانی یەکان بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی و پاراستنی منداڵان لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خستۆتەڕوو، لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتەکانی ڕاسپاردوە کە دەبێت

١. الأمم المتحدة، الأطفال و النزاع المسلح، الوثيقة A/78/842- S/2024/384، ٢٠٢٤، ص٢-٣.
٢. درويش، دلباك طاهر، التكييف القانوني للجرائم المرتكبة ضد الإيزيديين، ط/١، نفرتيتي للنشر، القاهرة، ٢٠٢٤، ص٨٧.

سیاسەت و یاسا نیشتمانییەکانیان لەگەڵ مادە و بڕگەکانی ڕێکەوتننامەکەدا بگونجێنن و جێبەجێی بکەن[١].

مادەی ٢ هەتا ١٧ی ئەم ڕێکەوتننامەیە باسی چەندین مافی بنەڕەتی بۆ منداڵ دەکات کە پێویستە زەمینەسازی بۆ بکرێت و منداڵ لێیان بێ بەش نەکرێت وەك (نەهێشتنی جیاکاری، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، مافی ژیان و مانەوە، ناسنامە، پاراستنی کیانی خێزان، پارێزگاری لە ڕفاندن و...هتد)، هەروەها بەتایبەت مادەی ٧ی ڕێکەوتننامەکە بەرگری لە بەدەستهێنانی ناو و ڕەگەزنامە و تۆمارکردنی لەدایکبوونیان دەکات. لەم سۆنگەیەوە تۆمارنەکردنی لەدایکبوونی منداڵ بە توندوتیژی دادەنرێت، جگە لەوەش نادیاربوونی منداڵ وا دەکات توندوتیژی بەرامبەر ئەم منداڵانە لە چاوی داکۆکیکارانی مافی منداڵان نا دیاربێت[٢].

شایانی وتنە پاڵپشتی نەکردنی منداڵان لە بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ژیانیان یەکێکە لەو توندوتیژیانەی کە ڕووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە[٣]، بۆیە بۆ پاراستنی منداڵان، مادەکانی٢٤ هەتا ٢٧ و هەروەها مادەی٣١ی ئەم ڕێکەوتننامەیە باس لە دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان بۆ منداڵ و ژینگەی سەلامەت وکات بەسەربردنیان و هەروەها بیمەی کۆمەڵایەتی و چارەسەری پزیشکی و چاودێری تەندروستی و دابینکردنی خەرجی و بژێوی ژیانی لەلایەن بەخێوکەرەکانی دەکات. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک ئەرکی بۆ دەوڵەت، هەروەها دایک و باوک یان بەرپرسی منداڵ دیاریکردووە. جگەلەوەش بە پێویستی دەزانێت کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە زانیاریان لەسەر تەندروستی و خۆراک و پاکوخاوێنی و خۆپاراستن لە ڕووداوەکان و مەترسیەکانی پیسبوونی ژینگە هەبێت. لەلایەکی ترەوە لە بڕگەی٣ی مادەی ٢٤دا، داوا دەکات سەرجەم ئەو کلتورە نێگێتیڤانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە بەرزکردنەوەی توندوتیژی دژ بە منداڵ کاریان پێ نەکرێت [٤]. وەك کلتوری خەتەنەکردنی مێینە و هاوسەرگیری پێشوەختە و هاوسەرگیری بە زۆر, کە هێشتا لە هەندێک کۆمەڵگەدا بەدیدەکرێت[٥].

---

[1]. UNICEF, Implementation Handbook for the Convention on the Rights of the Child, Third Edition, United Nations Children's Fund, Geneva, Switzerland, 2007, p.48.

[2]. Farhadian A., "Mechanisms of International Human Rights Documents in Protecting Children against Domestic Violence with Emphasis on the Convention on the Rights of the Child", International Criminal Law, 1(2), 2023, p.75.

[3]. Kokabisaghi, Fatemeh., "Equity in access to health care for children: Domestic implementation of the international human rights law in Iran", Medicine and law, 36, 2017, pp. 62-63.

[4]. UNCRC, 1989, Arts. 24-27,31.

[5]. Mezmur, Benyam Dawit, et al., Protecting children from harmful practices in plural legal systems with a special emphasis in Africa, UN. New York, 2016

ئامانجی جەختکردنەوە لەسەر ژینگە و سەلامەتی خێزان، بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی خێزانی گونجاو و پڕ لە ڕێز و خۆشەویستیە. بۆیە دایک و باوک بەرپرسیار کراون لە دابینکردنی ماف و پێداویستییەکانی منداڵ و پەروەردەکردن و پاراستنیان لە هەموو ئازار و توندوتیژیەک لەسەر بنەمای پێوەرە یاساییەکان.

ئاشکرایە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ مافی خوێندنی لە یاد نەکردووە و بە پێویستی دەزانێت دیسیپلینی قوتابخانە لەگەڵ کەرامەتی مرۆیی منداڵ و ڕێکەوتننامەکە بگونجێت و تیشك دەخاتە سەر فەراهەمکردنی خوێندنی سەرەتایی بەخۆڕایی و ناچاریی بۆ هەمووان، خوێندنی ناوەندی و خوێندنی باڵا بە شێوەی پێشکەوتوو و لەسەر بنەمای دەرفەتی یەکسان، هەروەها بە ئەرکی وڵاتانی دەزانێت زانیاری و ڕێنمایی پەروەردەیی و پیشەیی بخەنە بەردەستی هەموو منداڵان و ڕێوشوێنی تایبەت بگرنەبەر بۆ بەردەستکردنی ئەم مافانە و کەمکردنەوەی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن. جگە لە پرۆسەی خوێندن بە پێویستیشی دەزانێت پەروەردەی منداڵ لەسەر بنەمای گەشەی کەسایەتی و پەرەپێدان بە تواناکانیان بێت بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە ژیان(1).

لە لایەکی ترەوە ئەم ڕێکەوتننامەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە مافی منداڵان دەکات لەناو دامودەزگا دادوەرییەکاندا، هەروەك لە مادەی ٣٧یدا دەڵێت: " نابێت هیچ منداڵێک تووشی ئەشکەنجە یان سزای تری دڕندانە، نامرۆڤانە یان سووکایەتیکردن بێت و دەبێت کەسانی خوار هەژدە ساڵ لە سزای لەسێدارەدان و زیندانی هەتاهەتایی بەبێ ئەگەری ئازادکردن بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەنجامیان داوە پارێزراو بن." هەروەها ئەم مادەیە باس لە مافێکی تری منداڵ دەکات ودەڵێت: " نابێت هیچ منداڵێک بە نایاسایی یان هەڕەمەکی لە ئازادی بێبەش بکرێت، ڕاگرتن یان زیندانیکردنی منداڵ دەبێت لەگەڵ یاسادا بگونجێت و تەنها وەک دوا ڕێگە و بۆ کورتترین ماوەی گونجاو بێت." ئەم مادەیە ئاماژە بەوە دەکات کە لە قۆناغەکانی تەواوکردنی حوکمی دادگاکاندا پێویستە بە شێوازی دادپەروەرانە و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و پێداویستی یە تایبەتمەندییەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت و هەروەها جیابکرێتەوە لە ژینگەی کەسانی گەورە(2)، کە ئەمەش بەمەبەستی دوورخستنەوەیان لە ژینگەی مەترسیدار و بردنیان بۆ ناوەندی پەروەردە یان ناوەندی چاکسازی و ڕاهێنان(3).

هەروەها بۆ زیاتر بایەخدان بە ئایندەی منداڵان پێویستە ژمارەیان لە ناو دامودەزگا سزاییەکاندا کەم بکرێتەوە چونکە بوونی ڕێژەی زۆری منداڵ لەم شوێنانە جارێکی تر ئەگەری توندوتیژی بەرامبەریان زیاتر دەکات. هەربۆیە پێویستە بڕیارەکان زیاتر سەرنجیان لەسەر چاکسازی و تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی ڕێوشوێنی

1. UNCRC, 1989, Arts. 28-31.
2. UNCRC, 1989, Art. 37.
3. السان، مصطفی، "دادرسی منصفانه برای کودکان"، دوفصلنامهٔ بین‌المللی حقوق بشر، ٢(٠٢)، ٢٠٠٨، ص ١٨٣.

جێگرەوەی گونجاو بێت نەک سزا و سەرکوتکردنیان [1]، کە ئەمەش لە مادەی ٤٠ی ڕێکەوتننامە ڕەنگدانەوی هەیە.

هەر لەم چوارچێوەدا ڕێکەوتننامەکە جەخت دەکاتەوە کە منداڵ بێ تاوانە تا ئەو کاتەی پێشێلکاریەکەی بەپێی یاسا دەسەلمێندرێت، ئەویش لە چوارچێوەی دابینکردنی کۆمەڵێک ماف لە ئیجرائاتی دادوەریدا لەوانە: تاوانبارنەکردنی بە هۆی کردەوەیەک کە لەکاتی ئەنجامدانی قەدەغە نەکرابێت، ئاگادارکردنەوەی بەخێرایی لەو تۆمەتانەی کە دراونەتە پاڵی، مافی هەبوونی ڕاوێژکاری یاسایی یان هاوکاری دیکە، خێراکردن لە بڕیاردانی کەیسەکەی منداڵ بە بێ دواکەوتن و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکان و تەمەن ودۆخی منداڵ و دایک و باوک یان سەرپەرشتیاری منداڵ، ناچارنەکردنی بۆ شایەتدان یان دانپێدانان بە تاوان، مافی پێداچوونەوەی بە بڕیاری دادگا، بەکارهێنانی وەرگێڕ و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی [2].

لەلایەکی ترەوە مادەکانی ٣٢ هەتا ٣٦ و ٣٩ی ڕێکەوتننامەکە باس لە پاراستنی منداڵان دەکات لە توندوتیژی و بازرگانیکردن، هەروەها پاراستنیان لە چەوسانەوەی ئابوری و ناچارکردنی بە کارێك کە زیان بە سەلامەتی جەستەو دەرونی بگەیەنێت، یاخود کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردەی دروست بکات. هەر بۆئەم مەبەستە بە ئەرکی وڵاتانی ئەندام دەزانێت ڕێوشوێنی کاریگەر بگرنەبەر بە ڕەچاوکردنی ئامرازە نێودەوڵەتییەکانی تربەتایبەتی بۆ کاتژمێری کارکردن و مەرجەکانی و دیاریکردنی کەمترین تەمەنی کات وسزای ئەو کەسانەی کە منداڵ ناچار دەکەن بۆ کارکردن. ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی منداڵان لە کاری بەرهەمهێنان و بازرگانیکردن وبەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، هەروەها بۆ بنبڕکردنی سەرجەم ئەو سەرپێچیانە وڵاتان پابەند کراون کە ڕێوشوێنی یاسایی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، بگرنە بەر تاکو دوربن لەبەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی.

هەر لە چوارچێوەی ئەو مادانەدا، دەوڵەتەکان پابەند دەکات بە پاراستنی منداڵان لە هەموو جۆرە چەوسانەوە و دەستدرێژییەکی سێکسی و داوا دەکات ڕێگەی نیشتمانی، دوو لایەنە و فرەلایەنە بگرنەبەر بۆ ڕێگری لە:

أ- هاندان یان ناچارکردنی منداڵ بۆ بەشداریکردن لە هەر چالاکیەکی سێکسی ڕێگە پێنەدراو؛

ب- بەکارهێنانیان بۆ کاری لەشفرۆشی و کارە سێکسییە ڕێگە پێنەدراوەکانی تر؛

ج- چەوسانەوەو بەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی نمایش و کاری پۆرنۆگرافی؛

لەکۆتاییشدا داوا لە وڵاتان دەکات بۆ بەرەنگاربونەوەی ڕفاندن، فرۆشتن یان بازرگانیکردن هەموو ڕێوشوێنێکی (نیشتمانی، دوولایەنە و فرە لایەنە لەگەڵ ووڵاتەکان

[1]. UN Committee on the Rights of the Child (CRC), General Comment No. 10, Children's Rights in Juvenile Justice, CRC/C/GC/10, 2007, pp.9-10.
[2]. UNCRC, 1989، Art. 40.

و ڕێکخراوەکان) بگرنەبەرو منداڵان لە هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە و بەکارهێنان بپارێزن کە زیانی بۆ خۆشگوزەرانیان هەبێت هەروەها هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگرنەبەر بۆ چاکبوونەوەی جەستەیی و دەروونی و تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتی قوربانی ئەم تاوانانە[1].

ئەوەی کە ئاماژەمان پێدان کۆمەڵێك مادەو برگەی گرنگ بون لە رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان. بۆ زەمانەتی جێبەجێکردنی سەرجەم ئەم مادەو برگانە، لیژنەی مافەکانی منداڵ بە پێی مادەی ٤٣ی ڕێکەوتننامەکە دامەزرا بەڵام ئەم لیژنەیە لە مانگی شوبات ساڵی ١٩٩١ وەك لیژنەیەکی چاودێری نادادەوەری دەستی بەکارەکانی کرد ئەویش بریتی یە لە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی رێکەوتننامەکە و هەر سێ پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکانی لەلایەن دەوڵەتانی پەیوەندیدار.

ئەوەی جێی سەرنجی ئێمەیە ئەم ڕێکەوتننامەیە خاڵە بەهێز و شایستەییەکانی خۆی هەیە وبنەماکان ڕەنگدانەوەی پێداویستییە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی منداڵانن، هەروەها ڕێوشوێنی پاراستنی منداڵ و ئەرکەکانی خێزان و کۆمەڵگا و دەوڵەت لەخۆدەگرێت، بەڵام هەندێک بۆشایی و ناڕوونیشی هەیە، لەوانە بوونی "مافی زەوتکردن/ حق التحفظ" بۆ وڵاتان، هەروەها نەبوونی پێناسەی منداڵی پەنابەر، فەرامۆشکردنی مافی میراتی و مافە سیاسییەکانی, هاوسەرگیری منداڵ، توانای بە شداریکردن لە چالاکی ئابووری و ئەنجامدانی مامەڵە. ئەمانەش بە مانای کەمکردنەوەی بەها وبایەخی ئەم ڕێکەوتننامەیە نیە بەڵکو ڕێسایەکی هەمەلایەنەیە سەبارەت بە مافەکانی منداڵان، و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە پاراستنی منداڵاندا بەدیهێناوە و زۆربەی وڵاتان دوای پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەکە وردە وردە یاسا و ڕێساکانی خۆیان لە وڵاتەکانیاندا هەموارکردۆتەوە یان گۆڕانکارییان بەسەردا کردووە.

## تەوەری دووەم

## پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکانی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ

شایانی باسە لەهەندێ ڕێکەوتننامەدا بۆ زیاتر پتەوکردنی بڕگە و مادەکانی، پرۆتۆکۆلی بۆ زیاد دەکرێت کە زۆرجار پابەندییەکانی لایەنی پەیوەندیدار زیاتر دەکات وەك لە دەقە رەسەنەکە، هەرچەندە لە ڕوی پابەندییەوە پرۆتۆکۆل خۆی لە خۆیدا ڕێکەوتننامەیەکی ترە چونکە ڕێکاری پابەندبوونی هەیە، رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵیش سێ پرۆتۆکۆلی بۆ زیاد کراوە ئەوانیش بریتین لە:

### لقی یەکەم: پرۆتۆکۆلی ئارەزوومەندانەی رێکەوتننامەی مافەکانی مندال سەبارەت بە بەشداریکردنی منداڵان لە شەڕی چەکداریدا

لە پێناوی پاراستنی منداڵان لە شەڕو ململانێی چەکداریدا، ئەم پرۆتۆکۆلە لە ساڵی ٢٠٠٠لە لایەن ئەنجومەنی گشتی دەرچووە و لە ١٢ی شوباتی ٢٠٠٢دا کەوتە بواری

1 UNCRC, 1989، Arts. 32-36, 39.

جێبەجێکردنەوە[١]. بە پێی ئەم پرۆتۆکۆڵە ئەنجامدانی سەرپێچی دژ بە منداڵان لە شەڕو ململانێی چەکداریدا ڕێگەپێدراو نیە، ئەمەش پاڵپشتی یەکی ترە بۆ مادەی ٣٨ی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان کە وڵاتانی پابەند کردوە کە لە کاتی ململانێ ی چەکدارو ئالۆزییەکاندا ڕێز لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بگرن، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە کەسانی خوار تەمەنی ١٥ساڵ ڕاستەوخۆ نابێت بەشداری لە شەڕ بکەن و خۆشیان لە دامەزراندنی کەسانی خوار ١٥ساڵ لە دامەزراوەکانی هێزە چەکدارەکانیان بەدوور بگرن. جگە لەوەش بڕگەی٣ی ئەم مادەیە ئاماژە بە دامەزراندنی کەسانی تەمەن ١٥ بۆ ١٨ ساڵ بە شێوەی خۆبەخش دەکات و جەخت دەکاتەوە کە پێویستە پلەی یەکەم ئەوکەسانەی کە بەتەمەنترن لەپێش دابنرێن و هەر لە بڕگەی٤ی هەمان مادەدا داوای دابینکردنی ڕێوشوێنی کرداریی تر دەکات بۆ دڵنیابوون لە پاراستن و چاودێریکردنی ئەو منداڵانە. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم مادەیە تەمەنی ١٥ساڵی دیاریکردووە بۆ بەشداریکردن لە شەڕدا، لەکاتێکدا ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ خوار تەمەن ١٨ساڵ بە منداڵ دەزانێت، کە ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە هەندێ وڵاتدا تەمەنی کەمتر لە ١٨ساڵ بۆ باڵغبوون دیاریکراوە.

جێی باسە ئەم مادەیە جەختکردنەوەیە لەسەر جێبەجێکردنی چوار ڕێکەوتننامەکەی جنێڤ و دوو پرۆتۆکۆڵە زیادەکەی لە ڕێزگرتن لە ڕێساکانی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان کە پەیوەستن بە شەڕ و ململانێ چەکدارییەکان [٢]. هەر بۆیە لە پێناو بەهێزکردنی بڕگەکانی مادەی ٣٨، پرۆتۆکۆڵی ئارەزوومەندانەی بەشداری منداڵان لە شەڕی چەکداریی، سنووری تەمەنی بەرزکردۆتەوە. ئەم پرۆتۆکۆڵە بەکارهێنانی زۆرەملێی کەسانی خوار تەمەن ١٨ساڵ قەدەغە دەکات و داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات کەسانی خوار تەمەن ١٨ساڵ ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕی چەکداری نەکەن و کەمترین تەمەنی دامەزراندنی خۆبەخشانە بۆ ناو هێزە چەکدارە نیشتمانییەکانیان لە ١٥ساڵەوە بەرز بکەنەوە. لەلایەکی ترەوە بە جەخت کردنەوە لە سەر پاراستنی منداڵان و جێبەجێکردنی هەندێ مەرج، ڕێگە بە دامەزراندنی خۆبەخشانەی خوار تەمەنی ١٨ساڵ بۆ ناو هێزە چەکدارە نیشتمانییەکانیان دەدات، هەروەك بە پێویستی دەزانێت بەکارهێنانی کەسانی خوار ئەم تەمەنە لە گروپە چەکدارییەکانی تر کە جیاوازن لە هێزی دەوڵەت قەدەغە بکرێت و بە تاوان بیان ناسێنێت[٣]. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی مافەکانی منداڵ

[1]. UN, Optional Protocol to the Convention on the Rights of the Child on the Involvement of Children in Armed Conflict, Treaty Series, vol. 2173, p. 222; Doc.A/RES/54/263, 2000.

[٢]. اتفاقيات جنيف، النصوص الكاملة البروتوكولان الاضافيان وقرارات اخرى، الجمعية العراقية لحقوق الانسان، ط١، بغداد، ٢٠٠٣، ص ٢٧٨.

[3]. UN, Optional Protocol on the involvement of children in armed conflict, 2000, Arts. 1-4.

بەردەوام فشاری خستۆتە سەر وڵاتانی ئەندام بەوەی ١٨ساڵ وەک کەمترین تەمەن بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکاندا دیاری بکەن[١].

بە پێی ئەم پرۆتۆکۆلە دەبێت بەرژەوەندی منداڵ لە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە دابنرێت و هەر دەوڵەتێکی ئەندام پێویستە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگرێتە بەر بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی ئەم پرۆتۆکۆلە. بۆ زەمانتی جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلەکەش دەوڵەتانی ئەندام هەر پێنج ساڵ جارێک ڕاپۆرتێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلەکە پێشکەشی لیژنەی مافەکانی منداڵ دەکەن یان هەرکات ئەم لیژنەیە داوای زانیاری زیاتر دەربارەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆتۆکۆڵە بکات[٢]. لە کۆتاییدا پێمان وایە لەگەڵ گرنگی و بایەخی ئەم پرۆتۆکۆلە بۆ ژیان و ئایندەی منداڵان بەڵام هێشتا پرسی پاراستنی منداڵان و سەلامەتی جەستەیان لە شەڕو ململانێی چەکداریدا جێی دڵەڕاوکێی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خەمخۆرانی مافەکانی منداڵە.

**لقی دووەم: پرۆتۆکۆلی ئارەزوومەندانەی ڕێکەوتننامەی مافەکانی مندال تایبەت بە فرۆشتن ولەشفرۆشی وپۆرنۆگرافی منداڵ**

دیاردەی بازرگانیکردن یەکێکە لە مەترسی یە گەورەکانی سەر ژیانی منداڵان لە زۆربەی وڵاتەکاندا، بەو پێی یەی ئەم جۆرە بازرگانیکردنە لەدوای بازرگانی مادەی هۆشبەر و قاچاخچێتی چەکەوە، یەکێکە لە پڕ قازانجترین بازرگانی یەکان. مەرج نیە بازرگانیکردن بە منداڵان پێویستی بە پەڕینەوەی سنووری نێوان وڵاتان هەبێت، بەڵکو هەندێکجار لە ناوخۆی وڵاتانیشدا ئەم کارە ئەنجام دەدرێت[٣]. لە لایەکی ترەوە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ئەم دیاردەیە زۆرن، لەوانە: ئیستغلالی سێکیسی، کۆیلەی ماڵان، کرێکاری، پڕ چەککردنی منداڵان، فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستەی منداڵان، هەڵگرتنەوەی منداڵ(تبني)، هەژاری، دۆخی کۆمەڵگە و گەشتیاری سێکسی[٤]. یەکێکی تر لەو هەڕەشانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر سەلامەتی و ژیانی منداڵان کاری پۆرنۆگرافیایە بە منداڵان، کە هۆکارەکانیشی بریتین لە: ئاسانکاری دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت، ژینگەی سەرنجڕاکێشی ئەلکترۆنی و شاراوەیی ناسنامەی تاوانبار، خێرایی و تێچووی کەم.

1. Vaghri, Z., et al., Monitoring state compliance with the UN convention on the rights of the child: an analysis of attributes, Op.cit. p.380.

2. UN, Optional Protocol on the involvement of children in armed conflict, 2000, Arts. 5-8.

3. International Organization for Migration (IOM), The Protection of Victims of Trafficking in Iraq: Review of the Applicable Legal Regime and Assessment of Related Practices in the Field, 2020, pp.4-5.

4. Scarpa, S., “Child trafficking: International instruments to protect the most vulnerable victims”, Family court review, 44(3), 2006, p.432.

شایانی باسە سەختی دەرئەنجامەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە لە نێوان گەورە و منداڵدا جیاوازە، چونکە تەمەن و ئەزموون بە شێوەیەکی تایبەت ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن لە ڕووبەڕووبەنەوەی ئەم جۆرە تاوانانەدا[1]. هەر بۆ ئەم مەبەستە و بەهۆی کاریگەری ئەم جۆرە کارانە لەسەر کۆمەڵگاکان، پرۆتۆکۆلی ئارەزوومەندانەی فرۆشتن و لەشفرۆشی و پۆرنۆگرافی منداڵان وەک پاڵپشتێک بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ لەساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە[2]. ئەم پرۆتۆکۆلە تاکە بەڵگەنامەیە کە بەتایبەت باس لە تاوانی فرۆشتن و لەشفرۆشی و پۆرنۆگرافی منداڵان دەکات و لە مادەکانی ١ هەتا٩دا ئەم کارانە بە تاوان دەناسێت و بە ئەرکی وڵاتانی دەزانێت ڕێوشوێنی یاسایی تاوانکاریی بۆ هەر بەکارهێنانێکی سێکسی منداڵان بگرنەبەر و گواستنەوەی ئەندامەکانی منداڵ بۆ قازانج، ناچارکردنی منداڵان بۆ کار، لەشفرۆشی و پۆرنۆگرافی و بەخێوکردنی نایاسایی بە تاوان بناسن و سزای قورس بۆ ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە تاوانانە دابنێن.

ئەم پرۆتۆکۆلە جگە لەوەی تیشک دەخاتەسەر پەروەردە و هۆشیاری خەڵک و هاوکاری منداڵانی قوربانی، داوای گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن دەکات، هەروەک دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەری، پاراستنی ماف و بەرژەوەندی منداڵان لە سیستەمی دادوەری، ڕاهێنان و پاراستنی گونجاوی ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کە لەگەڵ قوربانیان کاردەکەن و قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی ئەم تاوانانە. هەروەها بە پێویستی دەزانێت وڵاتان هاوکاری یەکتر بن لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی تاوانکاری و ڕادەستکردنەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە یان هەر یارمەتییەکی یاسایی تر[3]. بۆ زەمانەتی جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلەکەش دەوڵەتانی ئەندام هەر پێنج ساڵ جارێک ڕاپۆرتێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلەکە پێشکەشی لیژنەی مافەکانی منداڵ دەکەن یان هەرکات ئەم لیژنەیە داوای زانیاری زیاتر دەربارەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆتۆکۆلە بکات[4].

جگە لەم پرۆتۆکۆلە، بەمەبەستی پابەندکردنی وڵاتان بۆ ڕێگریکردن و دادگاییکردن و سزادانی ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لە کردەوەکانی فرۆشتن و لەشفرۆشی و پۆرنۆگرافی منداڵان، هەروەها بۆ یارمەتیدانی منداڵانی قوربانی لە

[1]. Simpson, B., "The non-criminalisation of victims of human trafficking and modern slavery: examining Anglo-American perspectives to advocate for a victim-centered, human rights approach, University of North Umbria at Newcastle, 2023, p.289.

[2] . UN, Optional Protocol to the Convention on the Rights of the Child on the sale of children, child prostitution and child pornography, Treaty Series, vol. 2171, p. 227; Doc. A/RES/54/263, 2000.

[3]. Optional Protocol on the sale, prostitution and child pornography, Arts. 1-9.

[4]. Optional Protocol on the sale, prostitution and child pornography, Arts. 10-13.

چاکبوونەوەی جەستەیی و دەروونی. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەندین دەقی یاسایی تری دەرکردوە کە باس لەم تاوانی بازرگانیکردن دەکەن[1]. یەکێک لەم بەڵگەنامانە، پرۆتۆکۆلی ڕێگریکردن و سەرکوتکردن و سزادانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، بەتایبەتی ژنان و منداڵانە کە بە پرۆتۆکۆلی پالێرمۆ ناسراوە[2]. ئەم پرۆتۆکۆلە بە شێوەیەکی گشتی باسی ڕێگریکردن لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ و گرتنەبەری ڕێوشوێنی هاوکاری و پاراستن و دۆخی قوربانی و سزای تاوانباران دەکات و بازرگانی کردنی منداڵانی بە تاوان دەناسێت.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم پرۆتۆکۆلە لەگەڵ ڕێکەوتننامەی ئەنجومەنی ئەورووپا دژی بازرگانیکردن بە مرۆڤی ساڵی ٢٠٠٥، پێناسەیەکی تا ئەندازەیەك چوونیەکیان هەیە بۆ بازرگانیکردن و تەمەنی منداڵ، هەردوو بەڵگەنامەکە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ بە منداڵ پێناسە دەکەن و هەرکارێک بەمەبەستی ئیستیغلالکردن، بەکارهێنانی سێکسی، کارکردن و کۆیلایەتی و فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە ئەنجام بدرێت بە بازرگانیکردن بە مرۆڤ دادەنێن. لەلایەکی ترەوە بە هۆی ئەوەی پرۆتۆکۆلی پالێرمۆ تەواوکەری ڕێکەوتننامەی دژی تاوانە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە، مەودای جێبەجێکردنی ئەو تاوانانەیە کە سروشتی نێودەوڵەتییان هەیە و لەلایەن گرووپێکی تاوانکاری ڕێکخراو ئەنجامدرا بێت. ئەمەش لەکاتیکدایە بازرگانیکردن لە ناو یەک وڵات دەکرێت ڕوو بدات هەروەها تەنها لە ڕێگەی گرووپە تاوانکارییە ڕێکخراوەکان ئەنجام نادرێت.

**لقی سێیەم: پرۆتۆکۆلی ئارەزوومەندانەی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ پەیوەست بە ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی سکاڵا**

ئەم پرۆتۆکۆلە کە هەندێ جاریش بە "ڕێکار" ناو دەبرێت بە بڕیاری ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١١ پەسەندکرا و لە ١٤ی نیسانی ٢٠١٤چووە بواری جێبەجێکردنەوە[3]، میکانیزمێک بۆ پێشکەش کردن سکاڵا دەخاتە ڕوو، مافی

---

[1]. هەروەک ئەم ڕێکەوتننامانە:
- ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی، ساڵی ١٩٢٦.
- ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە قەدەغەکردنی بازرگانی بەمرۆڤ و بەکارهێنانیان ساڵی ١٩٤٩.
- ڕێکەوتننامەی تەواوکەریی بۆ پوچەڵکردنەوەی کۆیلایەتی و بازرگانیکردن بە کۆیلە، ساڵی ١٩٥٦.
- ڕاگەیەندراوی ستۆکۆڵم پەیوەندیدار بە بازرگانی منداڵان، ساڵی ١٩٩٦.
- ڕاسپاردەکانی دوهەمین کۆنگرە دەربارەی گێچەڵی سێکسی وبازرگانی بە منداڵان و ناکامەکان، لە شاری یوکوهامای یابان ساڵی ٢٠٠١.

[2]. UN, Protocol to Prevent, Suppress and Punish Trafficking in Persons, Especially Women and Children, (Palermo Protocol), Treaty Series, vol. 2237, p. 319; Doc. A/55/383, 2000.

[3]. United Nations, Optional Protocol on a communications procedure, Doc. A/RES/66/138, 2011.

ئەوەیان هەبێت تانە لە میکانیزمێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی خۆیان بدەن. کەواتە ئەم ڕێکارە ڕێگە بە لێپرسینەوەی زیاتری دەوڵەتان دەدات و دەبێتە هۆی دەرخستنی بەرچاوی پێشێلکارییەکانی مافی منداڵان و هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو پاراستنی مافەکانیان و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامە وپرۆتۆکۆلەکانی.

پرۆتۆکۆلەکە ڕێکارێک بۆ منداڵان دادەنێت بۆ پێشکەشکردنی سکاڵا لە لیژنەی مافەکانی منداڵ بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئەم پرۆتۆکۆلەیان پەسەند کردوە. ئەم پرۆتۆکۆلە دەسەڵات و ئەرک و دانیشتنەکانی ئەم لیژنەیە دیاری دەکات و کۆمەڵێک مەرج بۆ پێشەکشکردنی سکاڵا دەخاتە ڕووو. بەپێی ئەم ڕێکارانە، دانیشتنەکانی لیژنە بە هۆی هەستیارییەوە بە داخراوی بەڕێوەدەچن و منداڵان یان کەسانێک بە ناوی ئەوانەوە دەتوانن سکاڵا پێشکەش بکەن بەمەرجێک پێشێلکاریی مافەکانی ناو ڕێکەوتننامە یان پرۆتۆکۆلەکانی کرابێت و هەروەها بە شێوەیەکی کاریگەر لە ئاستی نیشتمانیدا چارەسەر نەکرابێت. جێی باسە ئەم لیژنەیە دوای تەواو کردنی هەموو چارەسەرە ناوخۆییە بەردەستەکان لە ماوەی یەك ساڵدا سکاڵا وەردەگرێت، تەنها ئەگەر بەهۆکارێك نەتوانرێ ئەم کارە بکرێت. ئەم پرۆتۆکۆلە تەنانەت ڕێگە دەدات لە کاتی پێشێلکاری بۆ ئەو مافانەی دەستنیشان کراون وڵاتێك دژی وڵاتێکی تر سکاڵا پێشکەش بکات[1].

**باسی سێ یەم**

**ڕۆڵی دەزگا و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پاراستنی مافی منداڵان**

جگە لەو ڕێکەوتننامانەی کە ئاماژەمان پێدان لەبەر گرنگی ئایندەی منداڵان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگای چەندین کەناڵی ترەوە میکانیزمی بۆ پارێزگاری لە مافەکانی منداڵان داناوە لە خوارەوە باس لە ڕۆڵی چەند دەزگا و ئاژانسێکی نێو نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین.

**تەوەری یەکەم**

**ڕۆڵی دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پاراستنی مافەکانی منداڵان**

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دامو دەزگاکانی وەك تۆڕێکی هاوبەش پێکەوە کار دەکەن بۆ دابین کردنی ئاشتی و ئارامی جیهان و چاودێریکردنی دەقەکانی ئەو ڕێکەوتننامانەی کە وڵاتان پێکەوە بڕیاریان لەسەر داوە، بۆ زیاتر قسە کردن لەسەر ئەم تەوەرە تیشک دەخەینە سەر چەند دەزگایەکی سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پاراستن و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی منداڵ بە تایبەتی.

**لقی یەکەم: ئەنجومەنی گشتی**

بەو پێ یە ئەنجومەنی گشتی لە ناو نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئەنجومەنێکی سەرەکی یە و وڵاتان بێ ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان و پێوەری خاکەکەی، ساڵانە بەشداری گفتوگۆی ئەو پرسانە دەکەن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دایە، هەموو وڵاتانیش دەنگیان

[1]. Optional Protocol on a communications procedure, 2011, Arts. 1-17.

لە سەرجەم پرسەکاندا یەکسانە، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەستن بە پاراستنی مافی مرۆڤەوە لەناو کۆبونەوەکانی ئەم ئەنجومەنەوە سەرچاوەیان گرتووە.

یەکێك لەو بەڵگەنامانەی کە بووە بە بنەما بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان و لەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی لێکراوە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵە کە لە بابەتەکانی پێشوو تردا بە وردی باسمان لێوە کرد، ئەو ڕێکەوتننامەیە بە پێی بڕیاری ژمارە ٢٥/٤٤ لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ دەرچوو[١]، کە وەك پێشنیارێك لە لایەن پۆڵەنداوە لە ساڵیادی منداڵاندا لە ساڵی ١٩٧٩ پێشکەش کرا، دوای کۆدەنگی یەکی زۆری وڵاتان وەك ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی و لە ١٩٩٠/٩/٢ بە پێی مادەی ٤٩ چووە بواری جێبەجێکردنەوە. جگە لەوەش ئەنجومەنی گشتی چەندین ڕێکەوتننامەی تری دەرکردوە کە تایبەتن بە مافی مرۆڤ لەناویشیاندا ئاماژەی زۆر بە پارێزگاریکردنی مافەکانی منداڵان دراوە لەوانەش:

- ڕێکەوتننامەی پەنابەران (١٩٥١) و پرۆتۆکۆڵەکەی (١٩٦٧).
- ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژنان (١٩٧٩).
- ڕێکەوتننامەی دژی ئەشکەنجەدان و مامەڵە یان سزای دڕندەیی نامرۆڤانە یان سووکایەتی پێکردن (١٩٨٤).
- ڕێکەوتننامەی لاهای بۆ پاراستنی منداڵان و هاوکاری بۆ بەخێوکردن لە نێوان وڵاتان (١٩٩٣).
- ڕێکەوتننامەی مافی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان (٢٠٠٦).
- جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨).
- ڕاگەیەندراوی مافەکانی منداڵ (١٩٥٩).
- ڕاگەیەندراوی نەهیشتنی جۆرەکانی جیاکاری (١٩٦٣).
- یاساکانی پەکین کە ڕێنماییە بۆ دەوڵەتان سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەل منداڵان لە سیستەمی دادوەریدا (١٩٨٥)[٢].
- یاساکانی هاڤانا کە پەیڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ پاراستنی نەوجەوانانی بێبەش لە ئازادی (١٩٩٠)[٣].

---

[1] . UN, Convention on the Rights of the Child, Doc. A/RES/44/25, 1989, adopted 20 November 1989, entered into force 2 September 1990.

[٢]. یاساکانی پەکین کۆمەڵێک ڕێنمایی بەتایبەت بۆ دیاریکردنی کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتی تاوانکاریی، چۆنێتی لێکۆڵینەوە لە تاوان، پاراستنی نهێنی، دەستبەسەرکردن، ئەرکی پۆلیس، ڕێوشوێنی جێگرەوە لە دەرەوەی سیستمی دادوەری پێشکەش دەکات (UN, Bijing Rules,1985).

[٣]. یاساکانی هاڤانا کۆمەڵێک پێوەر دەخاتەڕۆ هەروەک بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی دەستبەسەرکردنی نەوجەوانان، وەرگرتن و تۆمارکردن لەم ناوەندانە، ژینگە و باروذۆخی ناوەندەکان، پەروەردە، ڕاهێنانی پیشەیی و کارکردن، کات بەسەربردن، چاودێری پزیشکی، ڕێکارەکانی پشکنین و سکاڵا، گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگە(UN, Havana Rules, 1990).

- ڕێنماییەکـان ڕیـاز کە ڕێنمـایی نەتەوە یەکگرتووەکـانە بـۆ ڕێگریکـردن لە تاوانکـاری نەوجەوانان(١٩٩٠)[١].

ماوەتەوە بڵێین کە ئەنجومەنی گشتی کە دەنگی ڕاستەوخۆی زۆربەی وڵاتـانی تێدایە بە یەکسانی ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە داڕشتنی دەقی ڕێکەوتننامەکان و دەرکردنیان بەتـایبەت ئەوانەی کە پەیوەستن بە مافی مرۆڤەوە لەناویشیاندا مافەکانی منداڵان[٢].

**لقی دووەم: ئەنجومەنی ئاسایش**

بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجومەنی ئاسایش یەکێکە لە دەزگا گرنگ و هەمیشەییەکانی ئەم ڕێکخراوەیەو ئەرکی پاراستنی ئاسایش وئارامی جیهانی گرتۆتە ئەستۆ. لەو ڕوانگەیەوە پێی وایە ئەو دەستدرێژیانەی کە لە کاتی شەڕ و ململانێی چەکداریدا بۆسەر مافەکانی منداڵ دەکرێن هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٩دا داوای لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە ساڵانە ڕاپۆرتێك سەبارەت بە منداڵان و ململانێی چەکداری پێشکەش بکات، گفتوگۆکانیش سەبارەت بەو ڕاپۆرتە کراوە دەبن[٣].

ئەنجومەنی ئاسایش چەند ڕێکارێکی گرنگی داناوە بۆ چاودێری ڕەوشی منداڵان لە کاتی شەڕو ململانێی چەکداریدا. یەکێك لەو هەنگاوانە:

- پیادەکردنی جاڕدانی ڕیسوایی: لەو ڕاپۆرتە ساڵانەییدا بۆ ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین منداڵ چەکدار ئەکەن و بەشداریان پێدەکەن لە مەیدانی شەڕەکاندا و پێشێلکاری مافی منداڵان دەکەن، ئەویش دوای دەرکردنی بڕیاری ژمارە ١٣٧٩ی لە ساڵی ٢٠٠١دا[٤].
- پلانی کارکردن: بۆ دڵنیا بوون لە پێداچونەوەی ئەو وڵاتانەی کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەدا سەرزەنشت دەکرێن بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش[٥] دەرگای گفتوگۆ بۆ باشترکردنی ڕەوشی منداڵان لە وڵاتی سەرپێچیکاردا بە کراوەیی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ڕەوشەکە چاك دەکەن و ناویان لە لیستی جاڕدانی ڕیسوایی دەردێنن.
- دانانی ئالییەتێك بۆ چاودێری و ئاگادارکردنەوەی پێشێلکارییە قورسەکانی مافەکانی منداڵان: بە پێی بڕیارێکی تری ئەنجومەنی ئاسایش چەند ئالییەتێك بۆ چاودێری کردنی شەش سەرپێچی دیار بۆ مافەکانی منداڵان دەستنیشان کراون کە لە کاتی شەڕو ململانێی چەکداریدا ڕوو دەدەن، ئەوانیش بریتین لە:

---

١. ڕێنماییەکانی ڕیاز سیاستی ڕێگریکردن لە تاوانکاریی نەوجەوانان دەخاتەڕوو و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە حکومەتەکان بۆ پێشخستن و پاراستنی ماف و خۆشگوزەرانی گەنجان هەروەها ڕێگریکردن لە چەوسانەوە و توندوتیژی سێکسی، کۆنترۆڵکردنی دەستڕاگەیشتن بە چەک بۆ منداڵان و گەنجان، یاسا تایبەت دابنێن و جێبەجێی بکەن (OHCHR, Riyadh Guidelines, 1990).

٢. العامري، عباس عبدالامير ابراهيم، حماية حقوق الانسان في القانون الدولي، الحلبي الحقوقية، ط/١، لبنان، ٢٠١٦، ص٩٥.

٣. نفس المرجع السابق، ص ١٣٢.

4. UN, Security Council, Children and Armed Conflict, S/RES/1379, 2001.

5. UN, Security Council, Children in Armed Conflict, S/RES/1460, 2003.

- کوشتن یان شێواندنی منداڵان.
- چەکدار کردن یان بەکارهێنانی منداڵان وەك سەرباز.
- لاقە کردن و دەستدرێژییە سێکیسی یە مەترسیدارەکانی منداڵان.
- هێرش کردنە سەر قوتابخانە، یان نەخۆشخانەکان.
- برینی رێگاکانی هاوکاری مرۆڤایەتی لە منداڵان.
- ڕفاندنی منداڵان(١).

- دامەزراندنی تیمی کاری پەیوەندیدار بە منداڵان و ململانێی چەکداری تایبەت بە ئەنجومەنی ئاسایش(٢). کە تیمێکی کارکردنی تایبەتە بە منداڵان لە شەڕو ململانێی چەکداریدا بۆ خستنەڕوی ڕاپۆرتەکانی پەیوەست بە دۆخی منداڵان، هەروەها ئاگادارکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە باشترکردنی دۆخی منداڵان لەو ناوچانەدا کە ئاڵۆزی تێدایە.
- پشت بەستن بە سزاکان: یەکێك لەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی ئاسایش دەریکرد(٣) سزادانی ئەو کەسانەیە کە مافی منداڵان پێشێل دەکەن لە سەپاندنی قەدەغەی چەك و بلۆکردنی سەرچاوەکانیان و قەدەغەکردنی سەفەرە، کە لەلایەن وڵاتانیشەوە پشتیوانی لێکرا.

ماوەتەوە بڵێین کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەم ڕێکارانە دەیەوێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئارامی و ئاسایش بژی و دور بێت لە هەموو ململانێیەکی چەکداری کە کاریگەری هەبێت بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی تا ڕادەی سەپاندنی سزا بەسەر ئەو لایەن و کەسانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە پێشێلکاری مافەکانی منداڵان.

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵی ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاراستنی مافەکانی منداڵان

ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆڵی گەورە دەبینن لە هاریکاری و تەواوکردنی کارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە پەیوەستن بە مافی مرۆڤەوە. دیارترین ئەو هەوڵانەش بریتین لە ڕۆڵی گەورەی ئەم ئاژانسانە لە دەرچوونی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی ساڵی ١٩٦٦(٤). لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و یونسکۆ کە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی منداڵان بە تایبەتی.

---

1 . UN, Office of the Special Representative of the Secretary-General for Children and Armed Conflict, The Six Grave Violations Against Children During Armed Conflict: The Legal Foundation, 2013, p.10

2. UN, Security Council, Children in Armed Conflict S/RES/1612, 2005.

3 . UN, Security Council, Working Group on Children and Armed Conflict, S/RES/1539, 2004.

٤.العامري، المرجع السابق، ص١٥٧.

**لقی یەکەم: ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی**

بۆ زیاتر پاراستنی منداڵان لە مەیدانی کارکردندا چەندین ڕێکەوتننامە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەرچوون لەوەشدا ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کراوە بە بنەما بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی کارکردن بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە کاری منداڵانەوە هەیە زیاتر بایەخی پێدراوە، ئەمانەی خوارەوەش چەند نمونەیەکن:

- **ڕێکەوتننامەی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان ژمارە (١٨٢) (١٩٩٩)**

بۆ پاراستنی منداڵان لە ژینگەی کار و بەتایبەتی خراپترین جۆرەکانی کارکردن، ژمارەیەک لە پەیماننامە نێودەوڵەتی یەکان، کۆمەڵێک بنەما دادەنێن بۆ ڕێکخستنی کاری منداڵان و دیاریکردنی کەمترین تەمەن بۆ دامەزراندن و کارکردن و پاراستنی منداڵانی کار، هەروەک لە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ، پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، ڕێکەوتننامەی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان و ڕێکەوتننامەی کەمترین تەمەن هاتووە.

ڕێکەوتننامەی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان کە یەکێکە لە ڕێکەوتننامە بنەڕەتی یەکان بۆ نەهێشتنی کارکردن بە منداڵان ولە خولی ٨٧ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە جنێف دەرچووە و لە ٢٠٠٠/١١/١٩دا چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان قەدەغە دەکات و لە مادەی٣دا ئەو جۆرە کارە خراپانە دەخاتە ڕوو:

أ. هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی و هاوشێوەکانی کۆیلایەتی، وەک فرۆشتن و بازرگانیکردن پێیان، کۆیلە کردن لە بری قەرز و کاری زۆرەملێ، لەوانەش دامەزراندنی ناچاری بۆ مەبەستی بەکارهێنان لە شەڕی چەکداریی.

ب. بەکارهێنان و کارپێکردنی یان نمایشکردنی بۆ لەشفرۆشی و بەرهەمهێنان یان نمایشی پۆرنۆگرافی.

ج. بەکارهێنان وکارپێکردنی یان نمایشکردنی بۆ چالاکییە نایاساییەکان، بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان.

د. ئەو کارانەی کە بە سروشتی خۆی یان ئەو بارودۆخەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێت، ئەگەری زۆرە زیانی بۆ تەندروستی و سەلامەتی یان ڕەوشتی منداڵ هەبێت.

ئەم ڕێکەوتننامەیە کۆمەڵێک بەرپرسیاریەتی بۆ وڵاتانی ئەندام دیاریدەکات کە پێویستە لە ڕێگەی یاسا و دەسەڵاتی یاسادانانەوە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان دیاری بکەن. بۆ ئەم مەبەستە و بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتن نامەکە، لەگەڵ دامەزراوە حکومییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی خاوەنکار و کرێکاران ڕاوێژ بکەن و بۆچوونی گروپەکانی دیکە لەبەرچاوبگرن. جگە لەوەش بە ئەرکی وڵاتانی دەزانێت ڕێوشوێنی کاریگەر بگرنەبەر بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بەشداری منداڵان لە خراپترین جۆرەکانی کار، هاوکاری منداڵان و گرنگیدان بە پەروەردە و خوێندنی بێ

بەرامبەر، دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی کە لە دۆخی مەترسیدان بە تایبەتی کچان و هەروەها دانان و سەپاندنی سزای تاوانکاری[1].

- **ڕێکەوتننامەی کەمترین تەمەن ژمارە (١٣٨) (١٩٧٣)**

ڕێکەوتننامەی کەمترین تەمەن کە لە ١٩٧٦/٦/١٩ چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە گشتی ئەرکی دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێکەوتننامەیەی دەستنیشان کردووە لە دیاری کردنی کەمترین تەمەنی دامەزراندن و کارکردن تا ئەو ئاستەی کە لەگەڵ توانای جەستەیی و ئاستی گەشەکردنی جەستەو هزریدا دەگونجێت[2].

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە ئەوەیە کە تەنها باسی قەدەغەکردنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان ناکات، بەڵکو داوا لە دەوڵەتەکانی ئەندام دەکات کەمترین تەمەن بۆ کارکردن وەک میکانیزمێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان دیاری بکەن و بە پێویستی دەزانێت لەکاتی دیاری کردنی کەمترین تەمەنی منداڵ و ئەو کارانەی کە دەتوانێت بیکات، ڕەچاوی گەشەی جەستەیی و هزری منداڵ بکرێت و بەشێوەیەک بێت تەندروستی و سەلامەتی و ڕەوشتی منداڵان زیانیان پێ نەگات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان باسیان لە قەدەغەکردنی توندوتیژی و ڕێگریکردن لە دامەزراندن و کارکردنی منداڵان دەکەن، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ڕێوشوێنی کردەیی بکەن بۆ نەهێشتنی دیاردەی هەژاری و چارەسەرکردنی کێشەکانی قەرز لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە پاڵ بەو گروپە لاوازانەوە دەنێن بۆ جیهانی کار. بەم پێ یە پاراستنی کاریگەرانەی منداڵان لە کار کردن و توندوتیژی کە ئاراستەیان دەکرێت، زیاتر لە دیاریکردنی هەندێک ماف و ئازادی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان دەوێت.

**لقی دووەم: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری (یونسکۆ)**

ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بەشداریکردنە لە بونیادی ئاشتی و ئارامی جیهان لە ڕێگای پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیریەوە، بەو پێ یەی شەڕ و ململانێ چەکدارییەکان و هەژاری هۆکاری بنەڕەتین بۆ کاولکاری و دواخستنی مرۆڤایەتی لە بوارەکانی زانست وپەروەردەدا. بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراوی یونسکۆ رۆڵی گەورەی گێڕاوە لە هاتنە ئارای چەندین ڕێکەوتننامە لەوانە: ڕێکەوتننامەی تایبەت بە نەهێشتنی جیاکاری لە بواری پەروەردەدا لەساڵی ١٩٦٠ [3].

---

[1]. International labor Organization, Worst Forms of Child Labour Convention, No. 182, 1999, Arts.1-7,

[2]. International labor Organization, Minimum Age Convention, No. 138, 1973 ، Arts.1-9.

[3] . ئەم ڕێکەوتننامەیە لە کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی یونسیف لە خولی ١١یدا لە ١٩٦٠/١٢/١٤دا پێشنیار کراو لە ١٩٦٢/٥/٢٢ بە پێی مادەی ١ی چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەروەها یونسکۆ ڕۆڵی چاودێری کردنی ڕەوشی خوێندن و فێربونیش دەگێڕێت لە ڕێگای وەرگرتنی ئەو پێشێلکارییانەی لە چوارچێوەی ڕاپۆرتدا دەگاتە لیژنەی تەنفیزی ڕێکخراوەکە. ئەوەی جێیی ئاماژەیە لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٤دا یونسکۆ تیشک دەخاتە سەر ئەوە کە توندوتیژی لە ژینگەی خوێندندا چەندین جۆری لێ دەکەوێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر تیمی خوێندن و مامۆستاکان هەیە، لە نمونەی ئەو توندوتیژیانە ئەوانەن کە پەیوەستن بە ڕەگەز، ناسنامە، بارودۆخی ئابوری وکۆمەڵایەتی، نەژاد، ڕەگەزنامە و ناسنامەی جەندەریەوە هەیە. یونسکۆ پێی وایە کە پێویستە گۆڕانکاری لە هزر و بیرکردنەوەکاندا بکرێت سەبارەت بە توندوتیژی لە ژینگەی فێربوندا کە دەتوانێ ببێت بە بنەما بۆ گەشەی کۆمەڵگاکان لە ڕوی پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری یەوە. ئەوەی جێی خۆشحاڵی یە لەناو ئەو ١٧ ئامانجەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بڕیار وایە تا ساڵی ٢٠٣٠ بە ئامانج بگات، ئەرکی یونسکۆ باشتر کردنی پرسی فێربوونە وەک بنەمایەک بۆ زۆربەی پرسەکانی تر کە ئامانجی" زەمانەتی پەروەردەی گشتگیر و دادپەروەر و کوالێتی بەرز و ڕەخساندنی هەلی فێربون بۆ هەمووانە بەدرێژایی تەمەن"[1].

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێین کە پرسی پارێزگاریکردن لە منداڵان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان، پێویستی بە هەماهەنگی نێودەوڵەتی هەیە لە نێوان سەرجەم وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ئەو دەزگا و ئاژانسانەی کە مەبەستیانە منداڵ لە ژینگەیەکی ئارام و تەندروستدا گەشە بکات، بۆیە هەموو دەزگاکانی وەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، یونیسێف و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بە بەردەوامی هاوکاری نێودەوڵەتی پێشکەش دەکەن و پاڵپشتی وڵاتان دەکەن بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیژییە نیشتمانییەکان.

## کۆتایی

پاش دەرخستنی جۆرو هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە منداڵان و ئاماژەدان بە چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی گرنگ کە کار بۆ پاراستنی منداڵان دەکەن لە دیاردەی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانی یەوە، هەروەها تیشک خستنە سەر برگەو مادەکانی ئەو ڕێکەوتننامەو پەیماننامانەی کە کار لەسەر داکۆکیکردن و پاراستنی مافەکانی منداڵ دەکەن لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەم دەرئەنجام و پێشنیارانەمان لا گەڵاڵە بوو:

### یەکەم: دەرئەنجامەکان

١. بەپێی زۆربەی ڕێکەوتننامەو ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان، منداڵان بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی جۆرەکانی تاوانی توندوتیژین، بە هەموو دەرکەوتەکانییەوە وەک ئیستغلالکردنی سێکسی و ئابووری، ڕفاندن، فرۆشتن، لەشفرۆشی و پۆرنۆگرافی و

[1]. UNESCO, Safe to Learn and Thrive: Ending Violence in and through Education, 2024, p. 42.

بازرگانیکردن بەئەندامەکانی جەستەیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکان بۆ قەدەغەکردنی ئەو توندوتیژیانە لەلایەن ڕێکخراو و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە بەردەوامن.

٢. هەرچەندە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆیی و ناحکومییەکان بەردەوام لە هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی و پاراستنی منداڵان, سەرەڕای ئەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە داکۆکیکردن لە مافی منداڵان، بەڵام لە بوارەکانی پێناسە تیۆرییەکان و گەرەنتی جێبەجێکردن و پابەندبوونی وڵاتان لاوازن.

٣. سەرەڕای خێرایی هەنگاوەکانی بەرەوپێشچونی ڕێکەوتننامە و کۆنگرە و سیاسەتی نیودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توندوتیژی بە تایبەت بازرگانیکردن، بەڵام تاوانی بازرگانی و فرۆشتن و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە زۆربەی وڵاتاندا هەرەشەیەکی بەردەوامە.

٤. پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەکان لەلایەن هەندێ لە وڵاتانەوە تەنها بۆ مەبەستی ناوبانگ و پێگەیانە، لەکاتێکدا جێبەجێکردنیان پێویستی بە ئیرادەی سیاسی و هەڵوێستی جددی و ڕاستگۆیی هەموو وڵاتان هەیە.

٥. دیاردەی چەکدارکردن و دامەزراندنی منداڵان بە زۆرەملێ و ئارەزوومەندانە لە ناو هێزە چەکدارەکاندا و بەکارهێنانیان لە شەڕ و ململانێی چەکداریدا پەیوەندی بە بەرژەوەندی سیاسی و سەربازی لایەنە ناکۆکەکانەوە هەیە، کە پێویستی بە هەڵوێستی جدی هەیە، چونکە سەرەڕای زیانی جەستەیی و دەرونی بۆ منداڵان بەڵام هێشتا دیاردەی چەکدارکردنی منداڵان لە کێشەو ململانێ چەکدارییەکاندا بونی هەیە. هەروەها داتاکانی داداگایی کردن و مەحکومکردنی تاوانبارانی توندوتیژی منداڵان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن.

**دووەم: پێشنیارەکان**

١. بۆ پاراستنی منداڵان و دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام بۆیان، هەڵمەتی هوشیاری تاکەکان چی لەناو خێزان یان قوتابخانە یان شوێنی کار سەبارەت بە ڕێزگرتنی بەها مرۆڤایەتییەکان گرنگە، ئەمەش ئەرکی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕاگەیاندنە، کە دەبنە هێزێکی کاریگەر بۆ پابەند بوون بە بەڵگەنامە و ڕێکەوتننامە تایبەتەکانی پەیوەندیدار، چونکە تاکی هوشیار کۆمەڵگایەکی هوشیار دروست دەکات.

٢. بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژ بە منداڵان، تەنها دەرکردنی یاسای سزایی ناتوانێ کۆنترۆڵی تاوانەکانی بەرامبەر بە منداڵان بکات، بەڵکو هاوسەنگکردنی یاسا لۆکاڵییەکان لەگەڵ بنەما و بەندەکانی ڕێکەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا یەکێکە لە چارەسەرە سەرەکییەکان.

٣. یەکێك لە ڕێگا خێراکان بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی، چارەسەرکردنی هەژاریە بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانە کە زۆرترین ڕێژەی توندوتیژیان تێدایە، بەو پێ

یەی نەهێشتنی هەژاری یەکێکە لە ١٧ ئامانجەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە کار بۆ بەدیهێنانیان دەکات.
٤. دەرکردنی یاسایەکی پابەندکەر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بۆ ڕێگریکردن لە گێچەڵی ئەلکترۆنی بە منداڵان و پاراستنیان لە پۆرنۆگرافی, هەروەها سەپاندنی سزای قورس بۆ تاوانبارانی ئەو تاوانانە.
٥. کۆنترۆڵکردنی هەندێ ماڵپەڕ و پێگەی ئەلکترۆنی لە ڕێگای هاوکاری نێودەوڵەتیەوە کە هۆکارن بۆ بڵاوکردنەوەی شێوازەکانی ئەنجامدانی توندوتیژی بەتایبەتی لەو نێو منداڵان، بەو پێ یەی درك بە مەترسی یەکانی ناکەن.
٦. دانانی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە تاوانبارانی توندوتیژی دژ بە منداڵان بە هاوشێوەی دادگای جینائی نێودەوڵەتی، چونکە زۆرجار تاوانباران کەسانی دەسەڵاتداری وڵاتانن.
٧. پابەند کردنی وڵاتان بە بایەخدان و پاراستنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئاوارە و بێ سەرپەرشتیار لە ڕێگای چەندین ئالیەتی سەپێندراوەوە.
٨. منداڵانی نێو کەمینە نەتەوەیی و نەژادیی و ئایینیەکان بە بەراورد بە منداڵانی تر لە نێویشیاندا کچان زیاتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە بە تایبەتی لە کاتی تاوانی کۆمەڵکوژیدا، بۆیە چاودێری ڕەوشی دەرونی و تەندروستی و ئابوری ئەو منداڵانە پێویستی بە دابینکردنی میکانیزمی نێودەوڵەتی و هەماهەنگی وڵاتانە، بۆیە دانانی ئەنجومەنێك یان دەزگایەکی تایبەت بەو کارە پێویستی یەکی گرنگە.
٩. بۆ زەمانەتی یاساو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە ناوخۆی وڵاتاندا، بەهێزکردنی دامودەزگاکانی پۆلیس و پارێزەرو دادوەرەکان گرنگە, هەروەها کردنەوەی خولی ڕاهێنانی بەردەوام و ئاشناکردنیان بە دوا هەواڵ و زانیارییەکانی تایبەت بە دامودەزگا نێودەوڵەتی یەکان کە کار لەسەرکەیسی منداڵان دەکەن.
١٠. بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی منداڵان دانانی میکانیزمێکی دوور لە دەست تێوەردان بۆ پێشکەشکردنی سکاڵاکانیان بە لایەنی پەیوەندیدار گرنگە.
١١. دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی لە ناوخۆی وڵاتان لە نێوان کەرتی پەروەردە، تەندروستی و دادوەریدا، بۆ شیکردنەوەی دیاردە نوێکانی توندوتیژی و دانانی پلانی تایبەت بۆ بنبڕکردنیان.
١٢. دانانی نوسینگەیەکی نێودەوڵەتی لەو وڵاتانەی کە زۆرترین سەرپێچی بۆ مافی منداڵانی تیایە، ئەمەش بۆ تۆمارکردنی کەیسی ئەو منداڵانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بڵاوکردنەوەیان بە دامودەزگا ئەکادیمی یەکاندا بۆ توێژینەوە و دیراسەکردن.
١٣. زانکۆکان وەك ناوەندێکی ئەکادیمی و زانستی بەشێك لە قورسایی ئەو بەرپرسیارێتی یە دەکەوێتە سەرشانیان، ئەویش لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوە سیمینارو کۆنفرانسە زانستی یەکان.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: پەرتوکەکان**


1. Dandurand, Yvon, Introducing the United Nations Model Strategies and Practical Measures on the Elimination of Violence against Children in the Field of Crime Prevention and Criminal Justice: A New Tool for Policymakers, Criminal Justice Officials and Practitioners, Thailand institute of justice, 2015.
2. Simpson, B., The non-criminalization of victims of human trafficking and modern slavery: examining Anglo-American perspectives to advocate for a victim-centered, human rights approach, University of North Umbria at Newcastle, 2023.
3. UNICEF, Implementation Handbook for the Convention on the Rights of the Child, Third Edition, United Nations Children's Fund, Geneva, Switzerland, 2007.
4. United Nations Children's Fund (UNICEF), Preventing and Responding to Violence against Children and Adolescents: Theory of Change, UNICEF, New York, 2019.
5. Vaghri, Z., Zermatten, J., Lansdown, G. and Ruggiero, R., Monitoring State Compliance with the UN Convention on the Rights of the Child: An Analysis of Attributes, Children's Well-Being: Indicators and Research 25, Springer Nature, 2022.
6. World Health Organization and International Society for Prevention of Child abuse and Neglect, Preventing Child Maltreatment: A Guide to Taking Action and Generating Evidence, 2006.

7. إتفاقيات جنيف، النصوص الكاملة البروتوكولان الأضافيان وقرارات أخرى، الجمعية العراقية لحقوق الانسان، بغداد، ٢٠٠٣.

8. العامري، عباس عبدالامير ابراهيم، حماية حقوق الانسان في القانون الدولي، الحلبي الحقوقية، لبنان، ٢٠١٦.

9. درويش، دلباک طاهر، التكييف القانونى للجرائم المرتكبة ضد الإيزيديين، نفرتيتى للنشر، القاهرة، ٢٠٢٤.

10. عباده، فوزي شالي مطر بوسليمي، جرائم داعش في العراق: في ضوء المساءلة أمام القضاء العراقي- الإيزيدين نموذجا، هاتريک، أربيل، ٢٠٢٣.


**دووەم: توێژینەوەکان**


1. Al-Mohannadi AS., Al-Harahsheh S., Atari S., Jilani N., Al-Hail G., Sigodo K., "Addressing Violence against Children: A Case Review in the State of Qatar", Frontiers in Public Health, Volume 10, 2022. https://doi.org/10.3389/fpubh.2022.859325
2. AlObaidi AK., Jeffrey LR., Scarth L., Albadawi G., "Iraqi Children's Rights: Building a System under Fire", Medicine, Conflict and Survival, 25(2), 2009, pp.148-165. https://doi.org/10.1080/13623690902943339

3. Devries KM., Allen E., Child JC., Walakira E., Parkes J., Elbourne D., Watts C., Naker D., “The Good Schools Toolkit to Prevent Violence against Children in Ugandan Primary Schools: Study Protocol for a Cluster Randomised Controlled Trial”, Trials,14, 2013, pp.1-9. https://doi.org/10.1186/1745-6215-14-232
4. Farhadian A., “Mechanisms of International Human Rights Documents in Protecting Children against Domestic Violence with Emphasis on the Convention on the Rights of the Child”, International Criminal Law, 1(2), 2023, pp.71-86. https://www.iclj.ir/article_162966.html?lang=en
5. Garner P., “Dimensions of School-based Violence to and by Children: An Overview of Recent Literature”, International Journal of Adolescence and Youth, 19(4), 2014, pp.484–495. https://doi.org/10.1080/02673843.2012.751043
6. Kadir, A., Shenoda, S., Goldhagen, J., Pitterman, S., Suchdev, P.S., Chan, K.J., Howard, C.R., McGann, P. and Arnold, L.D., “The Effects of Armed Conflict on Children”, Pediatrics, 142(6), 2018, pp.1-16. https://doi.org/10.1542/peds.2018-2586
7. Katz, E., “Beyond the Physical Incident Model: How Children Living with Domestic Violence are Harmed by and Resist Regimes of Coercive Control”, Child Abuse Rev. 25, 2016, pp.46–59. http://hdl.handle.net/11212/4007 (Accessed: 26 December 2024).
8. Kokabisaghi, Fatemeh., “Equity in access to health care for children: Domestic implementation of the international human rights law in Iran”, Medicine and law, 36, 2017. pp.59-80. http://hdl.handle.net/1765/103027 (Accessed: 2 December 2024).
9. Lloyd, M., “Domestic violence and education: Examining the impact of domestic violence on young children”, children, and young people and the potential role of schools, Frontiers in Psychology, 2018, 1-9. https://doi.org/10.3389/fpsyg.2018.02094
10. Mbaku, J.M., “International Standards regarding Child Marriage and African legal Systems”, California Western International Law Journal, Vol. 54, 2024, pp.91-177. https://scholarlycommons.law.cwsl.edu/cwilj/vol54/iss1/6 (Accessed: 17 September 2024).
11. Scarpa, S., “Child trafficking: International instruments to protect the most vulnerable victims”, Family court review, 44(3), 2006, pp.429-447. https://doi.org/10.1111/j.1744-1617.2006.00098.x
12. Sholihah, H. & Nurhayati, S., “Prevention of Violence against Children in School through Islamic Parenting Styles”, Society, 10(2), 2022, pp. 627–638. https://doi.org/10.33019/society.v10i2.255

13. Shen, Z. and Xu, Y., "The impact of Domestic Violence on Children's Psychology and Self-cognition, SHS Web of Conferences, Vol. 180, 2023, pp.1-5. https://doi.org/10.1051/shsconf/202318002031

14. العماري، سالم محمد سالم، "العنف الأسري ضد الأطفال (أسبابه وآثاره دراسة نظرية)"، مجلة القرطاس للعلوم الانسانية والتطبيقية (٢٤)٤، ٢٠٢٤، https://alqurtas.alandalus-libya.org.ly/ojs/index.php/qjhar/article/view/940

15. ضامن ا., & ضامن م. ا.، "جرائم العنف ضد الأطفال في ضوء قواعد القانون الدولي العام"، دفاتر البحوث العلمية، ٨(١) ، ٢٠٢٠، ص ٩٥-١١٠. https://asjp.cerist.dz/en/article/115864

16. محمد الأقرع، "عبد القادر محمود، الحماية الدولية للأطفال أثناء النزاعات المسلحة فى ضوء قواعد القانون الدولي الإنساني"، مصر المعاصرة، ١١٤(٢)، ٢٠٢٣. https://doi.org/10.21608/espesl.2023.198819.1057

17. السان، مصطفى، "دادرسی منصفانه برای کودکان"، دوفصلنامهٔ بین‌المللی حقوق‌بشر، ٢٠(٢)، ٢٠٠٨. https://humanrights.mofidu.ac.ir/article_21325_0.html

**سێیەم: پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان**

1. Council of Europe Convention on Action against Trafficking in Human Beings, Treaty Series 197, 2005.
2. International Labor Organization, Minimum Age Convention, No. 138, 1973.
3. International Labor Organization, Worst Forms of Child Labor Convention, No. 182, 1999.
4. United Nations, Convention on Consent to Marriage, Minimum Age for Marriage and Registration of Marriages, Doc. A/RES/1763(XVII)[A], 1962.
5. United Nations, Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women, Doc. A/RES/34/180, 1979.
6. United Nations, Convention on the Rights of the Child, Doc. A/RES/44/25, 1989.
7. United Nations, Guidelines for the Prevention of Juvenile Delinquency: The Riyadh guidelines Doc. A/RES/45/112,1990.
8. United Nations, Optional Protocol to The Convention on The Rights of The Child on The Involvement of Children in Armed Conflict, vol. 2173, p. 222; Doc. A/RES/54/263, 2000.
9. United nations, Optional Protocol to the Convention on the Rights of the Child on the sale of children, child prostitution and child pornography, vol. 2171, p. 227; Doc. A/RES/54/263.
10. United Nations, Protocol to Prevent, Suppress and Punish Trafficking in Persons, Especially Women and Children, Supplementing the Convention Against Transnational Organized Crime (Palermo Protocol), vol. 2237, p. 319; Doc. A/55/383, 2000.
11. United Nations, Optional Protocol to the Convention on the Rights of the Child on a communications procedure, Treaty Series, Doc. A/RES/66/138, 2011.

12. United Nations, Rules for the Protection of Juveniles Deprived of Their Liberty (Havana Rules), Doc. A/RES/45/113, 1990.
13. United Nations, Standard Minimum Rules for the Administration of Juvenile Justice (Beijing Rules), Doc. A/RES/40/33**,** 1985.

**چوارەم: بڕیارە نێودەوڵەتییەکان**

1. United Nations, Office of the Special Representative for Children and Armed Conflict, The Six Grave Violations Against Children During Armed Conflict: The Legal Foundation, 2013.
2. United Nations, Security Council, Children and Armed Conflict, S/RES/1379, 2001.
3. United Nations, Security Council, Children in Armed Conflict, S/RES/1460, 2003.
4. United Nations, Security Council, Children in Armed Conflict S/RES/1612, 2005.
5. United Nations, Security Council, Working Group on Children and Armed Conflict, S/RES/1539, 2004.

**پێنجەم: ڕێنمایی و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان**

1. Committee on the Rights of the Child, General Comment No. 10, Children's Rights Juvenile Justice, CRC/C/GC/10, 2007. https://digitallibrary.un.org/record/599395?
2. Committee on the Rights of the Child, General Comment No. 13, The Right of the Child to Freedom from all Forms of Violence, CRC/C/GC/13, 2011, https://digitallibrary.un.org/record/711722?ln=en
3. Mezmur, Benyam Dawit and Office of the Special Representative of the Secretary-General on Violence against Children, Protecting children from harmful practices in plural legal systems with a special emphasis in Africa,UN. New York,2016.https://coilink.org/20.500.12592/qnk9bz9(Accessed:8July 2024
4. International Organization for Migration, The Protection of Victims of Trafficking in Iraq: Review of the Applicable Legal Regime and Assessment of Related Practices in the Field, 2020.
5. UNESCO & Initiative, N., School Violence: Understanding Gender Dynamics and Measurement of School-Related Gender-Based Violence, UNESCO, France, 2023. https://coilink.org/20.500.12592/zk4dvh (Accessed: 16 December 2024).
6. UNESCO, Safe to Learn and Thrive: Ending Violence in and through Education, 2024. https://doi.org/10.54675/LUPY3293
7. UNESCO, School violence and bullying: global status report, UNESCO, France, 2017. https://doi.org/10.54675/POIV1573
8. United Nations, World report on violence against children, 2006. https://digitallibrary.un.org/record/587334?

٩. الأمم المتحدة، الأطفال و النزاع المسلح، الوثيقة S/2024/384 -A/78/842، ٢٠٢٤. https://digitallibrary.un.org/record/4051293?